# کارەساتی شمشـــارە[١]

ئەم ناوونیشانە باشترین وەسفە بۆ ئەو نەهامەتییەی تووشی باسەکانی شمشارە لەسەر دەستی دوکتۆری خۆماندا هاتووە. نووسەر بەشی هەرە گەورەی (ئەگەر نەڵێین هەموو) شتەکانی لەبارەی شمشارە لە وەرگێڕانی ئینگلیزیی کتێبەکەی یۆن لەسۆ Jørgen Læssøe : گەلانی وڵاتی دێرینی ئاشور People of Ancient Assyria کە لەئەسڵدا بە دانیمارکی نووسراوەتەوە، وەرگرتووە[٢]. موبالەغەش نابێت ئەگەر بڵێین دوکتۆری خۆمان هیچ لەو کتێبە ئینگلیزییە نەگەشتووەو دەیان بەڵگەمان دەداتێ لەسەر ئەوەی ئینگلیزی باش نازانێت. بەڵگەکانیش لە خوارەوەدا هەن، هیوادارم خوێنەر بە ئارام بێت ئەگەر بینی درێژەیان کێشاوە، دوکتۆر لە چەند لاپەڕەیەکی کەمدا دەیان هەڵەی کردووە.

شمشارە گردێکە لە دەشتی رانیە نزیك دەربەندی سەنگەسەر. لە پەنجاکانی سەدەی رابوردووداو لەبەر ئەوەی پرۆژەی بەنداوی دوکان دروست دەکراو دەریاچەکە گردە شوێنەوارییەکانی دەشتەکەی نوقم دەکرد پشکنینی شوێنەواری لە چەند گردێکدا کرا کە یەکێکیان شمشارە بوو کە سەرەتا ١٩٥٧ بیعسەیەکی دانیمارکی پشکنینی شوێنەواریی تێدا کردو لە ئەنجامدا لە ژوورێکی کۆشکی یەکێك لە چینەکانی گردەکەدا ژمارەیەك لەوحی قوڕی سەردەمی بابلیی کۆنی دۆزییەوە[٣] کە وەکو نووسراوەکانی ئەو کاتە بە خەتی مێخیو زمانی ئەکەدی بوون. بەشی زۆری ئەمانە نامە بوون کە بۆ چەند کەسێك نێردرابوونو بەشی زۆریان بۆ کوواری Kuwari ناوێك نێردرابوون کە فەرمانڕەوای شمشارە بوو (بەپێی سەرچاوەی نوێ بە ئەسڵ خەڵکی شوێنێکی تر بوو لەو بەشەی کوردستان). لە ژمارەیەك نامەدا کوواری وەك فەرمانڕەوایەکی سەر بە پادشای ئاشوری شامشی ئادادی یەکەم دەردەکەوێت، کە ئەمیان پایتەختەکەی بردبووە شوبات ئێنلیل لە سێگۆشەی فوراتو کوڕێکی بەناوی ئیشمێ داگان لە شاری ئێکاللاتومی رۆژهەڵاتی دیجلەوە حوکمی بەشەکانی رۆژهەڵاتی دەوڵەتەکەی دەکردو کوڕێکی تری حوکمی شاری (ماری)ی سەر روباری فورات لە سووریا نزیك سنووری عیراق دەکرد.

نامەکانی شمشارە زانیارییەکی باشمان دەدەنێ سەبارەت بە پەیوەندییەکانی شەڕو ئاشتی لەنێوان ئەکتەرانی سەر شانۆی ئەو سەردەمە: ئاشورییەکان، کوواری، توروککییەکان ، گوتییەکان، لوللو..تاد.

---

[١] ساڵی ١٩٨٨ کتێبی (چیرۆکی شمشارە)م نووسی بە پشتبەستن بە هەردوو کتێبی لەسۆ: (لەوحەکانی شمشارە)و (گەلانی وڵاتی دێرینی ئاشور)، هەروەها بابەتەکانی تری لەسۆ لە گۆڤارەکاندا، ئینجا ئەرشیفی ماریو کەمتر ئەرشیفی شوێنی تر. ساڵی ١٩٩٦یش کەسێکی بێ بەهرەی زانستی کە پێشتر دەستنووسەکەم دابوویە بۆ سوودوەرگرتن لێی کتێبەکەی بەناوی هەردووکمانەوە بڵاوکردەوە ئەویش پاش سەقەتکردنی. ئەو کارە ناڕەوایەشی ئاشکرا بوو بەڵام مەسەلەکەی ئەو سەلماندی کە لەم وڵاتەمانداو لەم کاتەماندا گرنگ نییە مرۆڤ بەرهەمی کەسانی تر بدزێتو سەقەتیان بکات چونکە بەهۆی ئیعتباراتی ترەوە جێگەی هەر دەبێتەوەو کاری پێ رادەسپێردرێت. بەڵێ! ئەو زاتە دواتر پلەیەکی بەرزی حکومیی درایە جگەلە پلەی((شارەزا-خەبیر))!! ئێستاش کە ئەم رەخنەیە لەبەشێکی کتێبەکەی دوکتۆر جەمالم نووسیوە چاوەڕێی ئەوەم دەزگا ئەکادیمییەکانو حکومییەکان چاو لەئاست ئەو هەموو شتانە بنووقێننو لەنزیکترین دەرفەت خەڵاتی بکەن. بەڵام ئەمە بۆ ئەو دەزگایانە نەنووسراوە بەڵکو بۆ خوێنەری کوردو بەتایبەت قوتابیانی مێژوو و شوێنەوارو دواتریش بۆ نەوەکانی دوارۆژ.

[٢] بۆ یەك زانیاری ناوی کتێبێکی تری (لەسو) The Shemshara Tablets ی نووسیوەو ئەو زانیارییە لە د.فەوزی رەشیدی هاوکاری ((بردووە))و زانیارییەکی هەڵەیەو دوکتۆری خۆمان ئەو هەڵەیەی دووبارەکردۆتەوە(١/٥٧٦)، بڕوانە خوارتر.

[٣] ١٤٦ نامەو دەقی ئیداری، بڕوانە: Sh A 1, p.13

پاشان هەیئەیەکی عیراقی ساڵانی ١٩٥٧-١٩٥٨ پشکنینی لە گردەدا ئەنجام داو لە دوو ژووری تری کۆشکەکەدا ژمارەیەك دەقی ئیداریی دۆزییەوە.

زانیارییەکان سەبارەت بە شمشارە (شوشاررا) بەم جۆرەن: سەرەتا (یۆن لەسۆ) کە لەبیعسە دانیمارکییەکە بوو کتێبێکی بڵاوکردەوە (١٩٥٩) کە بریتی بوو لە راپۆرتێکی سەرەتایی و تێیدا ژمارەیەك لەو نامانەی وەرگێڕا بۆ ئینگلیزی. (لەسۆ) دوای ئەوە نامەی تری بڵاوکردەوە لە کتێبی (گەلانی وڵاتی دێرینی وڵاتی ئاشور-وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی ساڵی ١٩٦٣ بوو) کە لەسەرەوەدا وتمان دوکتۆری خۆمان هەموو زانیارییەکانی لەوەوە وەرگرتووە. (لەسۆ) جگەلەوە چەند بابەتێکی هەیە لە چەند گۆڤارێك و کە بەزۆری وەرگێڕانی نامەی دیکەن.

بەپاڵ ئەمانەی (لەسۆ)ش پسپۆڕی تر قسەیان لەسەر ئەرشیفی شمشارە کردبوو، ئینجا ساڵی ١٩٩٢ (یاسپەر ئایدم) ئەرشیفی دووەمی شمشارەی بڵاوکردەوە[٤] کە وتمان دەقی ئیدارین و دەست هەیئەی عیراقی کەوتبوون و تا ئەو کاتە بڵاونەکرابوونەوە، ئەم ئەرشیفە دووەمەش بووە بەرگی دووەمی کتێبی (ئەرشیفی شمشارە)، لە نووسینی (ئایدم). بەرگی یەکەمی ئەرشیفەکەش، یان ئەرشیفی یەکەم (نامەکان و کەمێك دەقی ئیداری کە بە دەستی بیعسەی دانیمارکی دۆزرانەوە) مایەوە تا ٢٠٠١ کاتێك ئایدم بە پشتبەستن بە وەرگێڕانەکانی لەسۆ لە کتێبی یەکەمیداو بەرهەمەکانی دیکەی و لەگەڵ لەسۆ خۆی تەواوی ئەو ئەرشیفەی بەناوی هەردووکیانەوە بڵاوکردەوە[٥] و ئایدم پێشەکییەکی زۆر گرنگی بۆ نووسیوە کە باس لە رووداوەکان و پادشانشینەکان..تادی تێدایە.[٦]

لەڕاستیشدا دیراسەکردنی مێژووی شمشارە، هەر وەکو هەموو مێژوویەکی تر، لەڕێگەی ئەرشیفەکانی شمشارە بەتەنیاوە ناکرێت بەڵکو ئەرشیفەکانی شوێنەکانی تر وێنەکە رۆشنتر دەکەنەوە، گرنگترین ئەرشیفیش تا ئێستا بۆ مێژووی شمشارەو ئەو ناوچەیە بەگشتی و ئەو بەشەی کوردستان بەشێوەیەکی فراوانتر ئەرشیفەکانی شاری (ماری)یە. هەرچەندە لەو ئەرشیفانە تەنها یەك جار ناوی شوشاررا (شمشارە) هاتووە بەڵام زۆر باسی تورووککییەکان کراوە، هەروەها باسی گوتییەکان و لوللو کراوە کە هەمو ئەمانەو بەتایبەت تورووککییەکان دەوریان لەو مێژووە بینیوە، جگە لەوەش باسی پادشانشینی تر هاتووە کە هەر یەکیان چەند خەتێك لەسەر وێنەکە دەکێشن و ئەو مێژووە روونتر دەکەنەوە.

ناکرێت لێرەدا لەوە زیاتر لەسەر شمشارە بدوێم بۆیە چاکترە لەگەڵ کتێبەکەی دوکتۆر جەمالدا دەست پێبکەم.

یەکەم شت لەم باسەی شمشارەدا بکرێت ئەوەیە دوکتۆر بەردەوام ناوی شوشاررا (شوشەررا) Šušarrâ[٧] وا دەنووسێت:(شوششارە) واتە (ش)ی دووەم دووبارە دەکاتەوە لەجیاتی دووبارەکردنی (ر) و لە شوێنی تردا

---

[4]J.Eidem The Shemshāra Archives, 2, The Adminstrative Texts, The Royal Danish Academy of Sciences and Letters, 1992 (*ShA 2*).

[5]J.Eidem, J.Læssøe, The Shemshara Archives, 1, The Letters, The Royal Danish Academy of Sciences and Letters, 2001( *ShA* 1).

[٦] دەبوایە پێداچوونەوەی کتێبی(چیرۆکی شمشارە)م و زیادکردنی زانیاریی نوێ بۆی و زیادکردنی ئەو دەق و نامانەی شمشارە کە تا کاتی دوو کتێبەکەی ئایدم بڵاو نەببوونەوە ببوایەتە پرۆژەی بەرگێکی دیکەی ئەم کتێبەی(مێژووی دێرینی کوردستان) بەڵام بەڕاستی ئایدم هێندەی زانیاری بەخشیوە کە ئێستا وای دەبینم کە پێویستە کارەکەم ببێتە وەرگێڕانی کتێبەکەی ئەو لەگەڵ نووسینی تێبینی. بۆیە (چیرۆکی شمشارە) لەنێوان زەوی و ئاسماندا دەمێنێتەوە: نە ڕەوایە وەکو خۆی لەچاپی بدەمەوەو نە کارێکی ئاسانیشە بە پشتبەستن بە ئایدم دەستکاریی بکەم.

[٧] یان Šušarrā (ئایدم)، بڕوانە کتێبی یەکەمی (مێژووی دێرینی کوردستان)، ل١١ بۆ جیاوازیی نێوان ā و â. (لەسۆ) بۆ شوشارراو ناوەکانی تر دووەمیانی بەکارهێناوەو وەکو خۆی دامانناوە، لەم کتێبەشماندا ناوەکان لە سەرچاوەکاندا چۆن هاتوون ئاوا نووسیومانن و بەدوای ئەو جیاوازییە وردەدا نەڕۆشتووین.

(شەددە)ی عەرەبی دەخاتە سەر ئەو پیتەو هیچ گومانێك ناهێڵێت کە وای زانیوە ناوەکە وایە. خوێندنەوەی وردتری ناوەکە لە (شوشەررا) دەچێت واتە a ی یەکەم کورتە وەکو (ـە)و دووەمیان دیارە کە ئەلفی تەواوە، دوکتۆریش ئەوە پێچەوانە دەکاتەوە. بەکورتی دوکتۆر دەیسەلمێنێت کە شارەزای ئەو باسە نییە دەنا لە کتێبەکی (لەسۆ)دا دەیان جار ناوی شوشەررا بەم جۆرە Shusharrâ هاتووە.

دوکتۆر نووسیویەتی: هەروەها تۆمارەکانی پادشاکان لە شوششارە (شمشارەی ئێستا لەدەشتی ڕانیە) هەواڵەکانی خوررییەکان و پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ لولوبییەکانمان بۆ شەرح دەکەن(١٣١/١).

نامەکانی شمشارە باسی کەسانی تێدایە کە خوررین، بە فەرمانڕەوای شمشارە خۆشییەوە، بەڵام کام پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ لولوبییەکاندا باسکراون؟ لەهەموو نامەکانی شمشارە تەنها حەوت نامە باسی لوللویی تێدایە (نامەیەکی تریش بەگومانەوە)و ئەمانە باسی پەیوەندیی سیاسی دەکەن (بەزۆری هانی فەرمانڕەوای شمشارە دەدەن ئاشتی لەگەڵ پادشایانی لوللو ببەستێ)و هیچ باسێکیان تێدا نییە نزیك یان دوور لەبارەی پەیوەندیی بازرگانییەوە[8]. دەقە ئیدارییەکانی شمشارەش باسی لوللویان تێدایە ئەوانیش هەروەها حەوت دەقن لەگەڵ دەقێکی تر بەگومانەوە، هەروەها دەقێکی تر کە تێیدا ناو لوللو وەکو ناوی کەسی هاتووە. هەموو ئەو دەقانەش باسی پێدانی دانەوێڵە یان کەلوپەل بە کەسانی دیاریکراو دەکەن کە کەسانی لوللو لەناویاندا هەیە، لەپێنج دەق لەمانەش شتەکان دراون بە پادشای لوللو[9]. ئیتر ئەرشیفی شمشارە هیچ ئاماژەیەك بۆ پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ لوللوییەکان ناکەن چ جای ئەوەی ئەو پەیوەندییەمان بۆ شەرح بکەن.

بینیمان نووسەر دەڵێت تۆمارەکانی پادشاکان لە ((شوششارە)) هەواڵەکانی خوررییەکان و پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ لولوبییەکانمان بۆ شەرح دەکەن، بەڵام ئەو پادشایانە کامەن کە تۆمارەکانیان لە شوشاررادا هەبووە؟ دوکتۆر دەیسەلمێنێت کە بێئاگایە لە ئەرشیفی شمشارە ئەگینا دەیزانی ئەو ئەرشیفە بریتییە لە دوو بەش: یەکەمیان نامەن، کە چەند کەسێك ئەو نامانەیان بۆ کوواری Kuwari فەرمانڕەوای شمشارەو بۆ کەسانی تر ناردووە، یەك لەوانە شامشی ئادادە، پادشای ئاشور، ئەوانی تریش ئەکید نین[10]. بەشی دووەمیش دەقی ئیدارین لەم شێوەیە: هێندە زیو بۆ فلانە کەس، ئەوەندە پەرداخی برۆنز بۆ فلان، ئەوەندە گا بۆ فلان .. تاد.

دوکتۆر (١٤٦/١) دەڵێت بەڕێوەبەرێتیی شوێنەواری عیراقی چەند نیشتەجێیەکی لە دەشتی بتوێنی ناوچەی ڕانیە دۆزییەوە کە دیارترینیان لە شمشارە (شوششارەی کۆن)دا بوو و لەوحی مێخیی تێدا دۆزرانەوە باس لە هەندێك مەسەلە دەکەن ئەویش لە ڕۆژانی ململانەی ئاشوری – بابلی لەسەدەی ١٨ پ.ز بۆ دەستگرتن بەسەر نیشتمانی خورریدا.

ئەو نیشتەجێیانە شتێك نەبوون لەژێر زەویدا بن و پێیان نەزانرابێت و پاشان دۆزرابێتنەوە چونکە ئەوانە گردی شوێنەوارین و لەسەر رووی زەوی بەرزبوونەتەوەو لە دەشتاییەکی وەکو ئەوەی ناوچەی ڕانیە (دەشتی بتوێن و مەرگە) شوێنەوارناس هەر بەچاو ئەو جۆرە گردانە دەناسێتەوە، جگەلەوەش ئەو لەوحانەی لە شمشارەدا دۆزرابوونەوە نە لە دوورو نە لە نزیك باس لە ململانەی ئاشوری – بابلی ناکەن بەڵکو بەشی زۆریان مەسەلەی ناوچەیین، واتە پەیوەندییان بە شمشارەو دەوروبەری هەیە لەگەڵ کاروباری ئاشورییەکان لە ناوچەکەو ناوچەکانی دەوروبەری.

---

[8] ئەمانەی خوارەوەش ئەو نامانەن لەبەشی یەکەمی ئەرشیفی شمشارە (ژمارەکان هی نامەکانن نەك ژمارەی لاپەڕە):
ShA 1, nos.3, 12, 36, 39, 42, 55?, 63, 64.

[9] ئەمانەش دەقەکانن لە بەشی دووەمی ئەرشیفی شمشارە:
Sh A 2, nos. 5, 11, 116, 128, 133, 134, 140?, 145, 146.

[10] پادشای ئیتابالخوم Itabalhum بە ناوی پیشێندێن Pišenden هەیە کە ناوی لە نامەکانی شمشارەدا هاتووە هەروەها سێ نامەی هەیە، لەبارەیەوە بڕوانە: Sh A 1, p.26

بابلیش لە کاتی نامەکانی شمشارەدا هێشتا نەیتوانیبوو بگاتە ئەو ئاستەی ململانە لەگەڵ ئاشوورییەکان لەو ناوچانەدا بکات.

نووسەر بەڵگەیەکی ترمان دەداتێ لەسەر ئەوەی شتی کۆکردۆتەوە بێ ئەوەی بزانێت چیی کۆکردۆتەوە. نووسەر چەند جارێك ناوی کوڕی شامشی ئادادی یەکەمی ئاشوری، ئیشمێ داگان دەبات و هەر جارەی بە شێوەیەك وەسفی دەکات، دوکتۆر (١٤٦/١) بە کوڕی شامشی ئاداد ناوی دەبات (کە ئەمە راستە) کەچی لە لاپەڕەیەکی تردا (٥٦١/١) تەنها وەك سەرکردەیەکی ئاشوری ناوی دەبات و لەهەمان لاپەڕەدا باسی نامەیەکی شامشی ئادادی باوکی دەکات و دەڵێت شامشی ئاداد فەرمانی دا بە سەرکردەی ئاشوری ئیشمێ داگان کە بە (کواری)[11] بڵێت .. تاد، ئینجا لە لاپەڕەیەکی تردا (٥٧٦/١ پەراوێزی ٥٨) جێنشینی شامشی ئادادەو لە لاپەڕەی دوای ئەوە (٥٧٧/١) سەرکردەی شامشی ئادادەو لەلاپەرەیەکیتردا (٥٥٩/١ پ٢٥) یەکێکە لە سەرکردەکانی شامشی ئاداد ئەمە جگە لە شوێنی تر کە وەك برای (یاسماخ ئاداد)[12] ناوی دەبات کە ئەمە راستە بەڵام ناوی ئەمەی دوایی بە هەڵە دەنووسێت ئەویش (یاسماه عدد).

دوکتۆر باسی نامەکانی شامشی ئاداد ((بۆ والییەکانی خۆی لە حەوزی روباری زێی بچووك لە رانیەو قەڵادزێ)) دەکات(١٤٦/١). راستیش ئەوەیە ئەو نامانەی لەو ناوچەیەدا دۆزراونەتەوە تەنها ئەوانەی شمشارەن.

جگەلەوەش (شامشی ئاداد) نامەکانی بۆ کوورای ناردووە نەك بۆ ((والییەکانی)). شمشارەش لە دەشتی رانیەو دیار نییە ئەگەر لەناوچەی قەڵادزێ کەس هەبووبێت سەر بە پادشای ئاشور بووبێت. دوکتۆر پاش لاپەڕەی زۆر (٥٥٩/١) دەڵێت ئەو نامانەی لە شمشارەدا دۆزراونەتەوە لەنێوان کوورای و دەسەڵاتە ئاشورییەکە ئاڵوگۆڕکراون. لێرەدا دوکتۆر نزیك کەوتەوە لە راستی کە باسی یەك کەسی سەر بە ئاشورییەکان کردووە نەك ((والییەکان)) بەڵام بەداخەوە ئەمجارە کە وا نزیك کەوتەوە ئینجا دیسان لە ڕاستی دوورکەوتەوە چونکە نامەکانی شمشارە تەنها یەك نامەیان تێدایە کە نێرەرەکەی کوورابیە ئەویش یان نوسخەی دووەمە یان هەر نەنێردراوە[13] نامەکەش بۆ (سین ئیشمێ ئاننی) نووسراوە کە هەرچەندە ناوەکەی ئەکەدییە بەڵام خۆی لە کەسێکی ئاشوری ناچێت.

لەڕاستیشدا کەمجار نێرەر نوسخەی دووەم دەنووسێت تا لە ئەرشیفی خۆیدا هەڵیبگرێت. بەم جۆرەش تەنها نامەی ئاشورییەکان و کەسانی تر بۆ کوورای ، هەروەها نامەی کەسانی غەیری ئاشوری کە بۆ کەسانی تری غەیری ئاشوری.. لە شمشارەدا دۆزراونەتەوە نەك وەك دوکتۆر دەڵێت کە ئەم نامانانە لەنێوان کوواری و ئاشورییەکان ئاڵوگۆڕکراون. ئەوەی گومانی تێدا نییەو بەڵگەی لەسەرە ئەوەیە کووراری نامەی بۆ شامشی ئادادو کەسانی تر ناردووە بەڵام ئەمانە لە ئەرشیفی شامشی ئادادو ئەو کەسانەی تردان نەك لە شمشارە.

دوکتۆر لەچەند شوێنێکدا ناوی توکریش Tukriš دەبات و ئەو شوێنە بە تورووککییەکان پەیوەست دەکات، لێرەشدا دەڵێت کە نامەکانی شامشی ئاداد بۆ((والییەکانە)) لەحەوزی روباری زێی بچووك لە رانیەو قەڵادزێ، هەروەها نامەکانی ئیشمێ داگانی کوڕی بۆ (یاسماه)ی[14] برای کە لە ئەرشیفی ماریدا دۆزرانەوە بارودۆخی ئەو شەڕانەیان روونکردەوە کە لەگەڵ دانیشتوانی (توکریش) بەتایبەت لەگەڵ هۆزەکانی تورووککوم Turukkum ی بەهێزو خەڵکی شاری قبرا Qabra کرابوون (١٤٦/١).

---

[11] راستەکەی کوواری Kuwari نەك کواری. دوکتۆر چۆنی نووسیوە وای دەنووسمەوە بەڵام کە خۆم باسی دەکەم ناوی تەواوی دەنووسم.

[12] رەنگە لەئەسڵدا (یەسمەع ئاداد) واتە ئاداد ببیستێ یان ئاداد دەبیستێ بێت.

[13] Sh A 1, p.14.

[14] دوکتۆر وا نووسیوە، واتە: یاسماه. ئەمەش هەڵەیە چونکە دوو وشەی یاسماخ ئاداد پێکەوە ناوەکە پێك دێنن.

توکریش لە دەقێکی شامشی ئادادا، کە چەند نوسخەیەکی هەیە[١٥]، هاتووە بەڵام نامەکانی شمشارە ناوی (توکریش) نابەن و هێندەی بزانم و هێندەی نامەی تایبەت بە تورووککییەکان لە ئەرشیفی (ماری)م لایە باسی توکریش نەکراوە بەڵکو تەنانەت هیچ سەرچاوەیەکم نەبینیوە جگە لە کتێبەکەی هێرتسفێلد (ئیمپراتۆریەتی فارسی) توکریش و تورووککییەکان بەیەکەوە پەیوەست بکات. ئەم بۆچوونەش هیچ بەڵگەیەکی نییە، ئەمەش جگەلەوەی کە کتێبەکە ساڵی ١٩٤٧ نووسراوەو ئەو کاتە ئەرشیفی شمشارە نەدۆزرابووەوەو ئەرشیفی ماری بەتەواوی بڵاونەکرابووەوە. بەم جۆرەش ئەگەر پاساو بۆ هێرتسفێلد بدۆزینەوە دەبێت چی بۆ دوکتۆرەکەی خۆمان بڵێین کە دەبینین جگەلە ئەرشیفی ماری کە وەکو سەرچاوە دەینووسێت هەردوو کتێبەکەی (لەسۆ)ی نووسیوە: لەوحەکانی شمشارە (١٩٥٩)و گەلانی وڵاتی کۆنی ئاشور (وەرگێڕانی ئینگلیزی ١٩٦٣)، چونکە ئەو دوو کتێبە هێندە زانیارییان تێدایە (هەرچەندە هەموو نامەکانی شمشارەیان تێدا نییە) کە بەسن بۆ زانینی ئەو راستییەی کە ناوی توکریش لەو نامانەدا نەهاتووەو هیچ شتێك نییە بە تورووککییەکانەوە پەیوەستی بکات.[١٦]

دوکتۆر (١٤٦/١) باسی بەرگریی توندی خەڵکی کۆنی ئەو ناوچانە لە نیشتمانەکەیان دەکات و ئینجا دەڵێت: بۆیە ئەو نامانەی بۆ (زیمری لیم) پادشای (ماری) نێردرابوون ئاماژە دەکەن بۆ ئاشتەوایی نێوان خورریییەکان و ئاشوورییە داگیرکەرەکان لەرێی ژنخواستن لە نێوان ماڵی پێشەوایەکی تورووککی و ئیشمیْ داگان.

ئەو ((نامانەش)) کە دوکتۆر باسیان دەکات نامەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی ئاشوورییەکان زۆر لاواز ببوون و تورووککییەکان هەڕەشەیەکی زۆر گەورە بوون لەسەریان و کەوتبوونە هێرش بۆ سەر ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان نەك دیفاعیان لە خاك و نیشتمانیان کردبێت.[١٧]

دوکتۆر باسی نامەیەك دەکات لەبارەی ئەو تەحەددییە بەردەوامەی تورووککییەکان کردبوویان بەرامبەر هێزە ئاشوورییەکان کە هەوڵیان دەدا دەست بەسەر ناوچەکانی رۆژهەڵاتی روباری دیجلەدا بگرن(١٤٦/١). دوکتۆر لە پەراوێزدا ناوی کتێبەکەی (لەسۆ)[١٨] وەکو سەرچاوە دەنووسێت.

ئەو نامەیەی لەو سەرچاوەیەدا هاتووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتانەی هێزی ئاشوورییەکان بەرەو لاوازی دەچوو و تورووککییەکان هێرشیان دەبردە سەر ئەو ناوچانەی کە ئاشوورییەکان پێشتر گرتبوویان، واتە ئاشوورییەکان لەو کاتەدا لە حاڵەتی بەرگریدا بوون بۆ هێشتنەوەی ئەو زەوییانە نەك هێرشبردن بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەی تردا، تەعبیرەکەی دوکتۆریش (المناطق الشرقية لنهر دجلة) عەرەبییەکی ناتەواوەو واتایەکی دروست بەدەستەوە نادات، دیاریشە مەبەستی (المناطق الواقعة شرق نهر دجلة)، یان بە کوردی ((ئەو ناوچانەی دەکەونە رۆژهەڵاتی روباری دیجلە)). ئەگەر بشگەڕێینەوە سەر کتێبەکەی (لەسۆ) دەبینین نامەکە باسی روبارێك دەکات و ناوبراو لەپەراوێزدا دەڵێت کە ناکرێت روباری دیجلە بێت بەڵکو زێی بچووکە یان روبارێکی بچووکتر[١٩].

دوکتۆر دوای ئەوە ناوی (اوشتان-شاری) کوڕی (اوللوم تیشنی) وەك پادشای تورووککی دەبات و کە ئەم کابرایە بۆ بابل نەفی کرا(١٤٧/١).

---

[١٥] بڕوانە: PAA, p.43.

[١٦] (لەسۆ) لەو دەقەی شامشی ئاداد کە تییدا ناوی توکریشی بردووە PAA, p.43 تەنها دەڵێت ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی دیجلەیە PAA, p.44.

[١٧] بۆ نامەکە بڕوانە: Sh A 1, p.55 ئەویش لە: ARM II, 40.

[18] PAA, p.72.

[19] PAA, p.72n.

راستەکەش ئەوەیە ئوشتان شارری Uštan-Šarri کابرایەکی تورووککییە پێشتر بۆ بابل نەفی کرابوو بەڵام دوای ئەوە واتە کاتی ئەو نامەیەی ناوی بردووە (کە نامەیەکی شامشی ئادادە) لە شوێنێکی تردا بوو و شامشی ئاداد فەرمان دەدات بگیرێت و بهێنرێتە بەردەمی لە (شوبات ئێنلیل)ی پایتەختی چونکە پادشای بابل (واتە حامورابی) داوای کردبوو[٢٠]. ئیتر نەوتراوە ئوشتان شارری پادشایە. دوکتۆر پاش چەند دێڕێك باسی کەسێکی تر دەکات کە تورووککییەو ناوێکی خورری هەڵگرتووەو پەنابەرێکی سیاسییەو حامورابی پیلان و دانوستانی لەگەڵ شامشی ئاداد کردبوو بۆ ئەوەی تەسلیمی بکرێت بەڵام دوکتۆر ناوی ئەو پەنابەرە نابات کە لە راستیدا هەمان ئوشتان شاررییەکەی خۆمانە!

لەوە خراپتر ئەوەیە دوکتۆر وایزانیوە باسی ئەو دوو کەسە لە نامەکانی شمشارەدا هاتوون لەکاتێکدا لەنامەیەکی شاری (ماری)دا باسکراون. رەنگە بۆیە دوکتۆر وایزانیوە ئەم دوو کەسە لە ئەرشیفی شمشارەدا باسکراون چونکە (لەسۆ) کە دوکتۆری خۆمان هەمیشە شتی لەبارەی شمشارەوە لێ وەردەگرێت لە لاپەڕە ١٤٥ ی کتێبەکەیدا باس لە دۆزینەوەی چوار لەوحی نووسراو لەکاتی پشکنین دەکات کە یەکێکیان لەلایەن کەسێکەوە بەناوی تالپو-شارری بۆ کوواری نێردرابوو و لەسۆ لێرەدا دەڵێت: ناوەکەی خوررییەو توخمی دووەمی ناوەکەی (واتە: شارری) پێشتر (واتە لەلاپەڕەیەکی پێشتردا) لە ناوی (ئوشتان-شارری)دا بینیمان.. ئیتر دوکتۆری خۆمان وا تێگەشتووە ناوی ئەمیشیان لە نامەکانی شمشارەدا هاتووە.[٢١]

دوکتۆر پاشان باسی (لیدایا) دەکات کە بە (ولیدایە) دەینووسێت (دیارە هەڵەی چاپە)و دەڵێت پەلاماری (شوششارە)ی دا پاشان گەمارۆی شای (اوتا)ی دا (١/١٤٧).

ئەو نامەیەی باسی لیدایاو شوشارراو ئوتا دەکات نامەیەکی (ماری)یە باسی ئەوە دەکات کە لیدایا Lidāja پاشەکشەی کردووەو ئیشمێ داگان شاری بورووللوم Burullum ی گرت و هەموو وڵاتی ئوتومی Utûm خستە ژێر رکێفی خۆیەوە[٢٢]. واتە باسەکە تەواو پێچەوانەی باسەکانی دوکتۆرە.[٢٣]

دوکتۆر پاش دابڕانێکی زۆر لە باسی شمشارە دێتەوە سەری (١/ل٥٥٩ بەدواوە) ئەویش لەمیانەی باسی گوتییەکان و ژمارەیەکی زۆری هەڵە دەکات.

لەپەرەگرافێکی پێشووشدا بینیمان دوکتۆر لاپەڕە (١٤٤)و (١٤٥) کتێبەکەی (لەسۆ)ی بەکارهێناوە. لێرەشدا دیسان دوکتۆر ئەو دوو لاپەڕەیە بەکاردەهێنێت بەڵکو تەنانەت پەراوێزی ژمارە (٢٥)ی لاپەڕە ٥٥٩-٥٦٠ی دوکتۆر کە یەك لاپەڕەی تەواوە لەو دوو لاپەڕەیە وەرگیراوە ئەویش بەهەڵەی زۆرەوە.

---

[20]PAA. p.57.

[٢١] لە نامەکانی شمشارەدا ناوی ئوللام تاشنی Ullam-tašni هاتووە: Sh A 1, 64 ، لە دەقە ئیدارییەکانیشدا ناوی ئوشتان شارری هاتووە: Sh A 2, 11 و لەهەمان دەقدا شت دراوە بە پەیامبەرانی بابل. (ئایدم) لێرەدا دەڵێت کەمێك گومان هەیە، ئەگەر هەر هەبێت، کەوا ئەو کوڕو باوکەی نامەکەی ماری ئەوانەن کە لەو دوو دەقەی شمشارەدا هاتوون: Sh A 2, p.61 بەڵام ئایا بەڕاستی ئەمە جێگەی گومانی کەمە؟ بەهەر حاڵ ئەو باسەی دوکتۆر لە لەسۆی وەرگرتبوو دەربارەی ئەو دوو کەسەیەکە ناویان لە نامەکەی ماریدا هاتووە.

[22]Sh A 1, p.53, ARM, I, 5.

[٢٣] ناوی (ئوتوم) وەك وڵات هاتووە ئەویش بە شێوەی ئوتێم Utêm کە پسپۆڕان ئەسڵەکەی بە ئوتوم دەزانن و هێندەی بزانم (لەسۆ) یەکەم کەس بووە وای بۆ چووە. ناوی شاری (ئوتا)ش لە نامەیەکی تری شاری ماریدا هاتووە: ARM IV, 20 کە باسی پەیوەندیی نێوان دوو کوڕەکەی شامشی ئادادەو باسی شمشارە دەکات و باسی هیچ لەو ناوچانەی دەوروبەری نەکراوە ئەو ناوەی (ئوتا)یە بە ئەسڵی ناوی ئوتێم زانراوە.

سەرەتای پەراوێزەکە ئەمە نووسراوە: زۆربەی ئەو نامانە لەسەر پارچە قوری شێوە بابلی نووسراونەتەوەو هاوشێوەیان لە بابل‌و ماریدا بینراون (١/٥٥٩ پەراوێزی ٢٥).

ئەمەش قسەی (لەسۆ)وە بەڵام بەسەقەتکردنەوە چونکە (لەسۆ) دەڵێت: ژمارەیەك نامەی شمشارە هاوشێوەی جۆری کۆتری بابلین کەلە شوێنانێك لە وڵاتی دووڕووبار خۆیدا ناسراوە هەروەها لە ماریدا[24]. لەسۆ باسی شێوەی ئەو لەوحانە دەکات‌و دوای ئەوە باسی شێوەی لەوحەکانی تر دەکات.

کتێبەکەی (لەسۆ) بە دانیمارکی نووسراوەو لەلایەن F.S Leigh-Browne کراوەتە ئینگلیزی، ئیشی دووەمیان تەنها وەرگێڕانە کەچی دوکتۆر دەنووسێت (( F.S.Browne[25] بەشێك لەو نامانەی وەرگێڕاوە ئەویش بەپێی قسەی زانای شوێنەوارناسی دانیمارکی یورگین لاسو لەلاپەڕە ١٤٤ لە کتێبەکەیدا: دانیشتوانی کۆنی ئاشور

Jorgen Laessoe, People of Ancient Assyria , London , 1963 p 144ff , translated by F.S. Browne

ئینجا ٤٠ دەق لەم نامانە باسی مەسەلەی ئیداری‌و ڕێنمایی دەکەن)) (١/ل٥٦٠ پەراوێز)

ئەم پەرەگرافەش کە دوکتۆر نووسیویەتی هیچی بەسەر هیچەوە نییە لەبەر ئەم هۆیانە:

١- وەرگێڕی کتێبەکەی (لەسۆ) هەموو کتێبەکەی وەرگێڕاوە ئیتر چۆن دەوترێت وەرگێڕ بەشێکی نامەکانی وەرگێڕاوە؟

٢-هەروەها واتای چییە وەرگێڕ بەپێی قسەی لەسۆ (واتە نووسەر) بەشێکی ئەو نامانەی وەرگێڕاوە؟

٣- ناوبردنی لاپەڕە (١٤٤) یاخود 144 ff (=١٤٤و لاپەڕەکانی دوای ئەو) چ واتایەك دەگەیەنێت؟ ئایا لەسۆ لە لاپەڕە (١٤٤)ی وەرگێڕانە ئینگلیزییەکە وتوویەتی وەرگێڕەکە بەشێکی نامەکانی کردۆتە ئینگلیزی (کە ئەمە هیچ واتایەکی نییە)؟ یان لەلاپەڕە (١٤٤) بەشێکی ئەو نامانە کراونەتە ئینگلیزی؟ نامەکان لەلاپەڕە ١٤٧ بەدواوە دەست پێ دەکەن لەکاتێکدا لاپەڕە (١٤٤) باسی دۆزینەوەی دەقەکان‌و هەندێك شتی تایبەت بەو دەقانە دەکات.

٤- وەرگێڕانە عەرەبییەکەی ناوی کتێبەکەش ئەمەیە: خەڵکی یان گەلانی وڵاتی دێرینی ئاشور People of Ancient Assyria نەك دانیشتوانی دێرینی ئاشور (سکان اشور القدماء).

٥- بینیمان دوکتۆر دەڵێت: ٤٠ دەق لەم نامانە باسی مەسەلەی ئیداری‌و ڕێنمایی دەکەن ئەمە لەکاتێکدا (لەسۆ) باسی کاتی پشکنین دەکات کە لەوکاتەی پشکنین بەردەوام بوو دەرکەوت زۆربەی لەوحەکان بۆ (کوواری) ناوێك نێردرابوو، بەجیا لەمانەش دەوروبەری ٤٠ لەمانە تایبەتمەندیی ئیدارییان هەبوو- لیستی کاڵا کە تەسلیم کراون‌و ئەوانەی شتیان وەرگرتووە.. تاد[26].

دوکتۆر دوای ئەمە بە ١٦ لاپەڕە لەیادی دەچێت ئەم ٤٠ دەقە ((مەسەلەی ئیداری‌و ڕێنمایین))و دەنووسێت: گرنگترین ڕاپۆرتی مێژووین..(١/٥٧٦ پەراوێز ٥٧)- بڕوانە دواتر.

دوکتۆر دوای ئەوە دەنووسێت: لە نێوان ئەو نامانەی بۆ کواری نێردرابوون کەسێك دەبینین ناوێکی سامی (ئەکەدی)ی هەڵگرتووە ئەویش بەشێوەی (شمش ناصر) ئەویش بەپاڵ هەردوو (نەورەم شرور)و (یاشوب عدد) کە هەڵگری دوو ناوی ئامورین (١/٥٦٠پەراوێز).

---

[24] PAA, p.145.

[25] ناوەکەی بەهەڵە نوسیوەو ڕاستیەکەی ئەوەی کە نووسیومانە.

[26] PAA, p.144.

(لەسۆ)ش لە ڕاستیدا دەڵێت نامەیەك لەوانە تاك بوو ئەویش لەبەرئەوەی بۆ دوو کەس پێکەوە نێردرابوو: کوواری‌و شاماش ناصیرو ئەمەی دوایی دیارە ناوێکی ئەکەدی (سامی)یە. دوو کەسی تر کە وەرگری نامە بوون ناوی سامییان هەبوو: (ناورام شاروور)و (یاشوب ئاداد)، ناوی ئەوەی دواییشیان لە شێوازی ئامورییە[٢٧].

بەواتایەکی تر (لەسۆ) تەنها باسی یاشوب ئاداد وەك ناوێکی ئاموری دەکات. جگەلەوەش کاتێك (لەسۆ) نووسیویەتی: ناوێکی ئەکەدی (سامی).. ئەوەی خستۆتە پێش چاو کە کتێبەکەی بۆ کەسانی ئاسایی نووسیوە بۆیە پێویستی کردووە ڕوونی بکاتەوە کە زمانی ئەکەدی زمانێکی سامییە کەچی دوکتۆر کتومت ئەو قسەیەی نەقڵ کردووە بەڵام بەهەڵەوگەڕاوی‌و نووسیویەتی:"ناوێکی سامی (ئەکەدی)" کە ئەمە نەقڵکردنێکی هەڵەیە چونکە بەم پێیە (سامی) دەچێتە ناو خانەیەکی گەورەتر کە (ئەکەدی)یە، دیارە ئەمەش هەڵەیە چونکە (سامی) کۆمەڵەیەك زمانە لە کاتێکدا (ئەکەدی) زمانێکی سەر بەو کۆمەڵەیە.

ئێمە هێشتا لەو پەراوێزەداین (پەراوێزی ٢٥، ل٥٥٩-٥٦٠) کە وتمان لە کتێبەکەی (لەسۆ) وەرگیراوەو لەو پەراوێزەش کە نزیکەی یەك لاپەڕەی داگیرکردووە دوکتۆر تەنها جارێك ناوی کتێبەکەی (لەسۆ) دەبات ئەویش نەك بۆ هەموو زانیارییەکان بەڵکو بۆ دوو یان سێ لەو زانیارییانە.

دوکتۆر دوای قسەکەی سەرەوە دەنووسێت: ((کاتی ئەو نامانە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستەکانی هەزاری دووەم پ.ز)). مرۆڤیش پێویستی بە زانیارییەکەی کەمە لەسەر نامەکانی شمشارە تا بزانێت نامەکان دەگەڕێنەوە بۆ بەشی یەکەمی ئەو هەزارە نەك بۆ ناوەڕاستەکانی بەڵکو تەنانەت پێویستی بەوەش نییە هیچ لەبارەی شمشارەوە بزانێت‌و تەنها ئەوەندەی بەسە بزانێت هی سەردەمی پادشای ئاشوری شامشی ئادادی یەکەمە تا بزانێت قسەکەی دوکتۆر هەڵەیە.

دوکتۆر ئەو قسەیەی لە (لەسۆ) بۆ هەڵە وەرگرتووە، (لەسۆ) باسی زمانی نامەکان‌و جۆری خەتەکەو هەبوونی ناوی ئاموری تێیاندا کەوا پێویست دەکات بگەڕێنرێنەوە بۆ بەشی یەکەمی هەزاری دووەم پ.ز [٢٨].. ئەم قسەیەش لەمیانەی باسی پشکنینەکە کردووە دەنا پاش خوێندنەوەی نامەکان سەردەمی نامەکان ئاشکرا بووە.

دوکتۆر دەڵێت: ناوی پادشا کواری دەبینین کە لە تۆمارەکانی نوزی‌و شهربازار[٢٩]و ئالالاخ‌و ماری نووسراوە.. ئەم تەعبیرەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناوی خودی ئەو کەسە لەو شارانەدا هەبووە لەکاتێکدا زۆر ئاشکرایە کە نووسینەکانی نوزی، بۆ نموونە، دەگەڕێنەوە بۆ چەند سەدەیەك پاش کوواری.. ئەوەی (لەسۆ) نووسیویەتی ئەوەیە ناوەکە لەو شوێنانەدا بینراوە، لەناو ئەمانەشدا لەماریدا بەشێوەی کوواریبا **Kuwarija** بینراوە.[٣٠]

دوکتۆر دەنووسێت: گڕ بەردرابووە کۆشکی کواری‌و ژمارەیەکی زۆری لەوحەکان لە ژوورەکانی کۆشکەکە سووتان.. (٥٦٠/١پەراوێز ٢٥) ئەمە لەکاتێکدا (لەسۆ) دەڵێت زۆر لەو لەوحانە ڕەق ببوون بەهۆی سووتانەکەو لەهەندێ حاڵەتدا لەت ببوون.[٣١]

دوکتۆر ئینجا دەنووسێت: درێژترین نامە کە بەساغی ماوەتەوە لەلایەن شامشی ئادادەوە بۆ کواری نێردرابوو و کاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی ١٧٤٨ – ١٧١٦ پ.ز.

---

[27] **PAA, p.144.**

[28] **PAA, p.144.**

[٢٩] دوکتۆر بەردەوام بۆ شاغر بازار دەنووسێت شهربازار کە ئەمە هەڵەیە.

[30] **PAA, p.144.**

[31] **PAA, p.144.**

دوكتۆر ئەو قسەيەی لە دوو شوێنی كتێبەكەی (لەسۆ) وەرگرتووەو وەك ناوی كتێبەكەی نەنووسیوە دوو زانیارییەكەی تێكەڵ بەیەك كردووە.

(لەسۆ) باسی لەوح(پلێت)ی b 13[٣٢]، واتە پلێتی وێنەی ژمارە ١٣ دەكات كە دوو وێنەی تێدایە، وێنەی b بریتییە لە چوار لەوحی نووسراو كە هێشتا لەناوخۆڵدان و چوار نامەن و دەڵێت درێژترین نامە لەمانە شامشی ئاداد ناوێك بۆ كوواری ناردوویەتی(ل١٤٥)و دواتر دەنووسێت كە درێژترین نامەی شامشی ئاداد بۆ كووراى..تاد(ل١٤٧). پێش ئەوەش باسی ئەوەی كردووە كە هەبوونی ناو شامشی ئاداد وا دەكات كاتی نامەكانی شمشارەی بگەڕێنەوە بۆ ماوەی نێوان ١٧٤٨و ١٧١٦ پێش زاین (ل١٤٦).


13 (b). Cuneiform tablets during the excavation of the archive-room at Tell Shemshara, 2nd August 1957. (Scale indicates 5 centimeters)

13b: واتە وێنەی b لەپلێتی 13، وێنەی چوار لەوحی نووسراو لەناو خۆڵدا (لای چەپ)، كتێبەكەی لەسۆ، بەرامبەر ل١٢٨.

واتە (لەسۆ) كە باسی ئەو ماوەيەی نێوان ئەو ساڵانە دەكات هەروەكو باسەكانی پێشووی لەو لاپەڕەیەدا باسی پشكنین و دۆزینەوەی نامەكان دەكات، واتە كاتێك ئەو نامانەیان دۆزییەوەو كاتێك ناوی (شوشاررا)یان لەیەكێك لەو نامانە بینی و كاتێك ناوی شامشی ئادادیان بینی بڕوایان بۆ دروست بوو كە ئەو نامانەی بۆ كوواری نێردرابوون دەگەڕێنەوە بۆماوەی نێوان ١٧٤٨و ١٧١٦ كە ئەمە ماوەی هەموو فەرمانڕەوایی شامشی ئادادە. بەم جۆرە (لەسۆ) ویستوویەتی بڵێت كە ئەو شتانە بوونە هۆی ئەوەی بۆیان ڕوونبێتەوە نامەكانی كوواری هی كاتی حوكمی شامش ئادادە. دوای خوێندنەوەی نامەكانیش بۆیان دەركەوت هی ماوەيەكی ئەو حوكمەن نەك هەموو ماوەكە كە ٣٣ ساڵە.

جگە لەوەش ئەوەمان بینی كە (لەسۆ) باسی هەموو نامەكانی كردووە نەك ئەو تاكە نامەيەی شامشی ئاداد وەك دوكتۆر تێگەیشتووە. پاشان ئەو ماوەیەی ١٧٤٨–١٧١٦ كە (لەسۆ) دەینوسێت بەپێی ((مێژوودانانی كورت))ـە بەڵام وەك پێشتر باسمان كرد دوكتۆری خۆمان جیاوازی نێوان ئەو تەقدیرانە نازانێت و لێرەدا ئەو تەقدیرەی نوسیووەو سێ لاپەڕە دوای ئەوە (٥٦٣/١) بۆ حامورابی مێژوودانانی ناوەڕاستی نووسیووەو دەڵێت: ((پاش مردنی شامشی ئادادو لەكاتی كۆتایی فەرمانڕەوایی حامورابی (١٧٩٢–١٧٥٠) پ. ز..)). ئێمەش دەڵێین: بەپێی ژمارەكەی سەرەوە شامشی ئاداد ١٧١٦ پ.ز دەمرێت و بەپێی ئەم ژمارەیە حامورابی ٣٤ ساڵ پێش شامشی ئاداد دەمرێت، ئیتر چۆن دروستە بڵێین پاش مردنی شامشی ئاداد (واتە پاش ١٧١٦پ.ز) لە كۆتایی حوكمی حامورابی (واتە ١٧٥٠پ.ز و ماوەیەك پێش ئەوە)..تاد؟!

وتمان (لەسۆ) لەولاپەڕانەدا باسی پشكنین و دۆزینەوەی نامەكان دەكات و ئاماژە بۆ وێنەیەكی ناو لەوحی ژمارە ١٣ (واتە 13 b) دەكات كە یەكێك لەو چوار نامەیە لەلایەن كەسێكەوە بەناوی شامشی ئاداد بۆ كوواری نێردرابوو. سیانەكەی تریش لەلایەنی سێ كەسی ترەوە بۆ كوواری نێردرابوون: تالپو – شارری Talpu-Šarri ، تێندوری Tenduri ، شێپراتو Šepratu[٣٣].

[٣٢] لەوح plate مەبەست لێی لێرەدا ئەو پەڕەیەی كتێب كە بەجیا وێنەیەكی لەسەرەو پەیوەندیی نییە بە لەوحی نووسراو یان تابلێت.
[33] PAA,p.145.

بەڵام دوکتۆری خۆمان بەرەهایی باسی لەوحەکانی شمشارە دەکاتو دەڵێت: بەپاڵ ئەو نامانە سێ نامەی تر بینراون کە بۆ کوواری نێردرابوون لەلایەن کەسانی هەڵگری ناوی خوری: تلبو – شارریو تیندوریو شیبراتو. جگە لەوەش (لەسۆ) ناڵێت ئەم سێیانە خوررین بەڵکو تەنها یەکەمو دووەم لە کاتێکدا دڵنیا نییە لەبارەی رەگەزی ناوی شێپراتو.

(لەسۆ) پاش باسی ناوی تالپو–شارری ناوی (ئوشتان–شارری) کوڕی (ئوللوم–تیشنی)مان دەخاتەوە یاد کە بەشی دووەمی ناوی تالپو–شارری لە ناوی کەسی یەکەمدا هەیە. وتیشمان کە ئەو ئوشتان شارریو ئوللوم تیشنییەی لەسۆ مەبەستی لێیانە ئەوانەی لە نامەیەکی (ماری)دا ناویان هاتووە بەڵام دوکتۆری خۆمان دەڵێت: سەبارەت بەو ناوانەی کە لەو نامانەدا (دوکتۆر مەبەستی لە نامەکانی شمشارەیە) هاتووە لە شێوەی ئوشتان شارری کوری ئوللوم تیشنی ..تاد!! سەبارەت بە (تێندوری)ش (لەسۆ) دەڵێت: تێندوری کە ژمارەیەك ناوی هاوشێوەی هەیە لە نوزی هەروەها بێگومان خوررییە، کەچی دوکتۆر دەنوسێت: (تێندوری)ش هەروەها لە تۆمارەکانی نوزیدا بینراوەو ئەوە ناوێکی خورییە.

مەسەلەش جیاوازی تەعبیر نییە بەڵکو وەرگێڕانی هەڵەی قسە ئینگلیزییەکەیە چونکە لەسۆ باسی ئەوە ناکات ناوی تێندوری لە نوزیدا هەبووە بەڵکو باسی هاوشێوەی ئەو ناوە دەکات.

دوکتۆر دوای ئەوە دەنووسێت: هەرچەندە ئەم ئامانە لە شمشارەدا دۆزرانەوە بەڵام هەموویان بەزمانی ئەکەدی نووسراونەتەوە، ئەویش ئەو زمانەیە کە هەروەها (ناسخ)ـە خورییەکان لە نوزیدا کاتی بڵاوبوونەوەی دەستڕۆشتنی میتانی بەکاریان هێنابوو.

ئەو تەعبیرانەش لەگەڵ ئەو ڕاستییە سادانە یەکناگرنەوە کە زمانی ئەکەدی زمانێکی جیهانی نووسین بوو بۆیە پێویست ناکات بوترێت ((هەرچەندە نامەکان لە شمشارەدا دۆزرانەوە بەڵام بەئەکەدی نووسراون..)) چونکە قسەی کەسێکە ئەو ڕاستییە سادەیە نەزانێتو نیشانەی سەرسوڕمانە لەوەی نامەکان لە شمشارەدا لە دەرەوەی وڵاتی ئەکەدو بابلو ئاشوردا دۆزراونەتەوە کەچی بەئەکەدی نووسراون. بەهەمان شێوەش ئەو قسەیە زیادەیە کە نووسەرە خوررییەکانی نوزی بەو زمانە شتیان نووسیوە.

بە هەرحاڵ دوکتۆر ئەو قسەیەی لە (لەسۆ) وەرگرتووە بەڵام بەخراپی وەریگێڕاوە چونکە (لەسۆ) باسی دوو گرووپ نامەی شمشارە دەکات کە بەشکڵو ڕێزمان لەیەك جیاوازنو گرووپی دووەم پەیوەستن بەکەسانێکی خاوەن ناوی خورری یاخود نەخورریو نەئەکەدیو زمانە ئەکەدییەکەی ئەم گرووپە لەڕووی ڕێزمانەوە لە شێوازی ئاسایی جیایەو ئەم جیاوازییەش وەکو ئەو جیاوازییەیە کە زمانە ئەکەدییەکەی دەقەکانی نوزی لەسەردەمی پادشانشینی میتتاننی جیادەکاتەوە کە لەوکاتەدا خوررییەکان نووسینی مێخییان بۆ نامە گۆڕینەوەو ئیداریاتی خۆیان بەکاردەهێنا[34].

ئاشکرایە دوو قسەکە چەند جیاوازن .. زۆر زیاتر لەو جیاوازییەی نێوان ڕێزمانی ئەکەدی لە دوو گرووپەکە!!

کۆتایی ئەو پەراوێزەی دوکتۆریش ئەوەیە: وەکو نێردەر ژمارەیەکی زۆری ناوی کەسانی خورری لەو نامانەدا بینراونو ئەم دیاردەیە نیشانەیە کە زۆربەی دانیشتوان لێرەدا بە (کوواری)یەوە خورری بوون.

ئەمەشی دیسان لە (لەسۆ) وەرگرتووە بەڵام (لەسۆ) قسەکەی بەشێوەیەکی تر کردووە. ئەو دەڵێت ناوە خوررییەکانی نێردەرانی نامەکانو ناوە خوررییە کەسییەکان کە بەژمارەیەکی گەورە لەو دەقانەدا بینراون موحتەمەلی

---

[34]PAA, p.145.

دەکات کە لێرەدا دەوروبەرەکەمان کۆمەڵگەیەکی خورری زمانەو کە تێیدا (کوواری) کە ئەو نامانەی وەرگرتووە[٣٥] دەورێکی دەرکەوتووی بینیوە.[٣٦]

ئەو هەموو هەڵانە لەپەراوێزێکدان کە نزیکی یەك لاپەڕەی کتێبەکەی دوکتۆری داگیرکردووەو بەشی هەرە زۆری زانیارییەکانی لە لاپەڕە (١٤٤-١٤٥)ی کتێبەکەی (لەسۆ) وەرگیراون و بەشی هەرەزۆریان بەهەمان ئەو تەرتیبەی (لەسۆ)، بۆیە ئەو پەراوێزە نەقڵکردنێکی زۆر خراپ و وەرگێڕانێکی زۆر خراپی ئەو دوو لاپەڕەیەیە.

ڕەخنەیەکی تریش لەو پەراوێزە ئەوەیە ئەو باسانەی شمشارە هیچ پەیوەندییەکیان بەسەر باسەکەی دوکتۆرەوە نییە کە لەبارەی گوتییەکانە. دوکتۆر ئەو پەراوێزەی لەوشوێنەدا داناوە کە تێیدا دەڵێت ئەو نامانەی لە شمشارەدا دۆزرانەوە کە لە نێوان کوواری و دەسەڵاتی ئاشوری گۆڕدراونەتەوە (پەراوێزەکە لێرەدایە) دەتوانن چیرۆکەکانی ئەو ڕووداوانەمان بۆ پێکەوە ببەستن لە نێوان ماوەی ئەکەدی (هەزاری سێیەم پ.ز)و بەشداریکردنی گوتییەکانی لەناو هێزەکانی کۆرش(کۆروش) ئەخمینی لە هێرش لەسەر بابل ساڵی ٥٣٩ پ.ز (١/٥٥٩-٥٦٠).

ئەم قسەیەش لەڕادەبەدەر سەیرە چونکە ماوەکە نزیکەی ١٧٠٠ ساڵە ئیتر چۆن چەند نامەیەك نزیکەی چوار سەد ساڵ پاش سەردەمی ئەکەدیو نزیکەی ١٣٠٠ پێش کۆرش ڕووداوەکانی سەردەمی ئەکەدیو کۆرش پێکەوە دەبەستن؟! دوکتۆر تەنها بۆ سەپاندنی ئەو قسە سەیرە دەڵێت: ئەو نامانە نیشانی دەدەن کە ئەو هۆزە تورووککییانەی بەرەو ڕووی ئاشورییەکان وەستابوون گوتی بوون و کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی خوری (١/٥٦٠-٥٦١) نامەکانی شمشارە هیچ شتێکی وا ناڵێن. نامەکانی شمشارە ناوی کەسانی تورووککییان تێدایە کە بەهۆی ئەوانەو بەهۆی ناوی کەسانی تورووککی لەنامەی شوێنی تردا دەزانرێت کە تورووککییەکان خورری بوون نەك گوتی چونکە ناوی ئەو کەسانە خوررییە.

نووسەر دوای ئەوە (١/ل٥٦١) نووسیویەتی: کاتێك کواری نامەکانی لە (شمشی عدد) وەرگرت سەرکردەی ئاشوری (اشمی داغان) هەوڵیدا لەگەڵ (لیدایا) ڕێکبکەوێ کە سەرکردەی تورووککییەکان بوو لەشاری (اوتا).

نامەکەی شامشی ئاداد دەڵێت کە لیدایا شارەکەی خۆی جێهێشت و دوای ئەوە نامەکە باسی وڵاتی ئوتێم **Utêm** دەکات کە ئیشمیٚ داگان گرتبووی. (لەسۆ) کە دوکتۆر لێرەدا ناوی نابات ناوەکە بە ئوتا دەنووسێت و بە ناوی شارەکەی دەزانێت ئەویش چونکە وەك وتمان شارێك بەناوی ئوتا لەنامەیەکی (ماری)دا هاتووە بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە ناوەکە لەو نامەیەی شمشارەدا ئەمەیە: وڵاتی ئوتێم.

بەهەر حاڵ ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە نامەکەی شمشارە باسی کشانەوەی لیدایا دەکات نەك ڕێککەوتنی لەگەڵ ئیشمیٚ داگان، جگەلەوەش قسەکەی دوکتۆر کە دەڵێت کاتێك کووڕای نامەکانی لە شامشی ئاداد وەرگرت ئیشمیٚ داگان هەوڵی دا لەگەڵ لیدایا ڕێکبکەوێ، ئەم قسەیە کەسێك دەیڵێت ئاگای لە نامەکانی شمشارە نییە چونکە نامەکان گرتنی ئوتێم و نامەکانی شامشی ئاداد بۆ کوواری پێکەوە نابەستێت.

دەبێت ئەم قسەیەی دوکتۆر لە کوێوە هاتبێت؟ (لەسۆ) لە لاپەڕە (١٤٩-١٥٠)ی کتێبەکەیدا شتێکی لەم بارەیەوە نووسیوە بەڵام دوکتۆر تەواو سەقەتی کردووە. (لەسۆ) نووسیویەتی: کاتێك کوواری نامەکانی لە شامشی ئاداد وەرگرت پیٚ دەچێت تورووککییەکان لەگەڵ ئاشورییەکان ڕێکەوتبن، (لیدایا)ی سەرکردەی تورووککیش کە لەشەڕەکەی شاری ئوتا یەکێك بوو لە نەیارەکانی ئیمشیٚ داگان (ل٧٧)و سەرکردەی لەشکرەکانی دژی شوشاررا(ل٧٣) لە نامەکانی شمشارەدا وەك هاوپەیمانێکی ئاشورییەکان دەردەکەوێت.

---

[٣٥] ڕاستەکەی ئەوەیە بەشی گەورەی ئەو نامانەی وەرگرتووە.

[36]PAA, p.145-6.

واتە (لەسۆ) باسی چەند قۆناغێکی مێژوویی ئەو کاتەی شمشارە دەکات: کاتێك لیدایا شارەکەی خۆی جێهێشتو دوایی کاتی نامەکانی شمشارە کە لیدایا هاوپەیمانی ئاشورییەکان بوو و دوایی کە دژی شوشاررا بوو. بۆ ئەو قۆناغانەش ئاماژە بۆ لاپەڕەکانی کتێبەکەی خۆی دەکات (واتە ل٧٧ و ٧٣) . دوکتۆری خۆشمان ئەو قوناغانەی تێکەڵ بەیەك کردووە.

دوکتۆر باسی نامەکانی شامشی ئاداد بۆ کوواری دەکات کە تێیاندا وێنەیەکی ڕوونی وەزعی قەیراوانیی شمشارە دیارە هەروەها لەرزۆکیی سەرکردەی ئاموری (جاشوب عدد) بەرامبەر گوتییەکان، پادشای ئاشوری هەندێ ئامۆژگاری بە پادشای شمشارە دەڵێت کە (لەسۆ) بەم جۆرە بۆ ئینگلیزییان وەردەگێڕێت (٥٦١/١).

یەکەم شت (یاشوب)ـە نەك (جاشوب)و[٣٧] وەك وتمان دوکتۆر نازانێت شتێك نییە لەنووسینی مێخییدا بۆ دەنگی (ج) بۆیە Jašub-Adad [٣٨] بە یاشوب ئاداد دەخوێنرێتەوە، پاشان ئەو یاشوب ئادادە لەرزۆك نەبووە بەرامبەر گوتییەکان بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕێك بوو لەگەڵیاندا. یاشوب ئاداد فەرمانڕەوای ناوچەی ئاخازم Ahazum بوو کە بەپێی (ئایدم) لەناوچەی (کۆیە)دایەو هەر بەپێی ئەو پایتەختەکەی شاری شکیشاببوم Šikšabbum بوو[٣٩]. با ئەم بۆچوونە نوێیەی (ئایدم) بخەینە ئەو لاوەو تەماشای قسەکانی دوکتۆری خۆمان بکەین. دوکتۆر بەئینگلیزی ئەو ئامۆژگارییانەی گوایە پادشای ئاشوری بە فەرمانڕەوای شمشارەی وتبوو نەقڵ دەکات:

**"He does not know his own words, and the oath he swears he does not know either. He swears an oath as if it were something he were doing in his dreams."**

هەرکەس ئینگلیزی بزانێت ئەوەش دەزانێت کە ئەو قسانە ئامۆژگاری نین بەڵکو باسی کەسێکن سوێندی خۆی ناپارێزێتو سوێندێك دەخوات وەك چۆن شتێکە لە خەوەکانیدا دەیکات. ئەگەر مرۆڤیش شارەزای ئەرشیفی شمشارە بێت دەزانێت ئەو قسانە لەبارەی (یاشوب ئاداد)ـەوەن کە پادشای ئاشوری بۆ کوواری باس دەکات چۆن یاشوب ئاداد هەر جارەی لەگەڵ پادشایەکدا بووەو چۆن جارێکیان لەگەڵ خۆیدا بووەو دووجار سوێندی بۆ خواردبوو[٤٠].

وەنەبێ دوکتۆر ئەو دێڕە ئینگلیزییانەی لەدەقی تەواوی نامەکەوە وەرگرتبێت بەڵکو لەلاپەڕەیەکی تری کتێبەکەی (لەسۆ)ی وەرگرتووە کە ئەو بەشە کەمەی تێدایە[٤١].

لەسۆ پاش باسی ئەو نامەیە باس لە نامەیەکی تر دەکات کە لەبارەی گوتییەکانەوەیەو دوکتۆر تەواوی نامەکە بە ئینگلیزی (بێ وەرگێڕان) نەقڵ دەکات بەڵام پێش ئەوە دەڵێت: پاشان فەرمانی دا بەسەرکردەی ئاشوری اشمی داغان کە ئەمەی خوارەوە بەکوواری بڵێت.

یەکەم شت بوترێت ئەوەیە ئەم (پاشان)ـە قسەیەکی هەڵەیەو ئەگەر دوکتۆری خۆمان ئەو چەند دێڕەی (لەسۆ)ی بخوێندایەتەوە نەیدەنووسی (پاشان) چونکە ئەو دوو نامەیە دوو شتی جیاوازن. دوای ئەوەش نامەی دووەم، بەڵکو هەموو نامەکانی ئەو سەردەمە بەو کلێشەیە دەست پێدەکەن: ((بڵێ بە فلان: فلانەکەس وا قسە دەکات..))، ناشزانرێت پەیامبەرەکە کێیە کە دەبێت ئەو نامەیەو قسەکانی بگەیەنێت ئیتر چۆن دوکتۆر زانی شامشی ئاداد فەرمانی بە ئیشمێ داگان داوە ئەو قسانە بگەیەنێ؟ پاشان ئیشمێ داگان کوڕی شامشی ئاداد بوو و لەشاری

---

[٣٧] دوکتۆر جارێك دەنووسێت یاشوب عدد (١/٥٦٠پ).

[٣٨] (ی) لە ja یان ia (خەتی چەماو بۆ سەرەوە) یان ya (هەر ئاشۆرۆلۆگێكو یەكێکیان بەکاردەهێنێت) بریتییە لە (ی)ی وەستاو (نیوە ڤاوڵ). w لە ناوی کوورایدا Kuwari بەهەمان شێوە (و)ی وەستاوە (نیوە ڤاوڵ).

[39] ShA 1, p.22.

[٤٠] بڕوانە کتێبەکەی (لەسۆ): گەلانی وڵاتی دێرینی ئاشور، ل١٤٧-١٤٨، هەروەها نوێتر: Sh A 1, 1 .

[٤١] لاپەڕە ١٥٣ ی کتێبەکەی (لەسۆ). ئەو دەقە ئینگلیزییەی سەرەوە لای دوکتۆر یەك دوو هەڵەی تیدایەو ئەوەی سەرەوە دەقە دروستەکەیە.

ئێکالاتومی ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە حوکمی بەشە ڕۆژهەڵاتییەکانی دەوڵەتی ئاشوریی دەکرد، ئایا باوکی بەنامەوە دەینێرێت بۆ فەرمانڕەوایەکی ناوچەیی؟

دوکتۆر کە تەواوی ئەو نامەیە بە ئینگلیزی بێ وەرگێڕان لە کتێبەکەی (لەسۆ)وەوە نەقڵ دەکات تەنانەت ئەو پەراوێزەی(لەسۆ)ش نەقڵ دەکات کە بۆ ڕوونکردنەوەی تەعبیری (باوکم) نووسیویەتی (ل١٥٤ی کتێبەکەی لەسۆ). لەسۆ لەو پەراوێزەدا نووسیویەتی کە تەعبیری (باوك) لەزمانی سیاسی و دیپلۆماسیی ئەو کاتە بەکاردەهات بەواتای ئەو کەسەی کە قسەکەر پاشکۆیەتی و سەر بەوە، کەچی دوکتۆر لەپەراوێزدا دەنووسێت کە وشەی (باوك) وەك نیشانە بەکاردەهات لەسەر زیادە ڕێزی نووسەری نامەکە بۆ ئاغاکەی (٥٦١/١ پ ٢٧) بۆیە دەڵێین دوکتۆر کە ئەو دێڕەی (لەسۆ)ی ئاوا وەرگێڕاوە هەقە سوپاسی خودا بکەین هەموو نامەکەی وەرنەگێڕاوە.

دوکتۆر پاش نووسینەوەی ئەو نامەیە بە ئینگلیزیی و بێ وەرگێڕان دەڵێت: ڕوونکردنەوەی ئەم نامەیە کەمێك پشت دەبەستێت بەو ڕووداوانەی لە ناوچەی رانیە ڕوویان دەدا لەنێوان پەلاماردەرە بابلی و ئاموری و ئاشوریيەکان (لەلایەك)و دانیشتووە ناوچەییەکانی گوتی و خوری لە هەزاری سێیەم و دووەمی پێش زاین(٥٦٢/١).

ئەم قسەیەش هی کەسێکە نەك تەنها لەنامەکە نەگەشتووە بەڵکو ئاگاداری سەرجەم ئەو سەردەمەو ڕووداوەکانی نییە چونکە لە هەزاری سێیەمدا هیچ شتێك لەبارەی پەلاماردانی ئاشوریيەکان بۆ سەر ناوچەی رانیە نەنووسراوەتەوە، بەڵکو لەوە ناچێت هیچ شوێنێکی تری کوردستانیش، ئامورییەکانیش بەهەمان شێوە چالاکیی ناسراویان نییە لە ناوچەی رانیەو تەنها لە ساڵانی کۆتایی هەزاری سێیەم هاتوونەتە سنوورەکانی کوردستانی ئێستا، بابلییەکانیش دیسان ناویان لە هەزاری سێیەمدا نەبووەو بنەماڵەی یەکەمی بابل ساڵ ١٨٩٤ پ.ز دامەزرابوو. ئەوەی چالاکی هەبووە لە هەزاری سێیەمدا لە ناوچەی رانیەدا سومەرییەکانن ئەویش لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی (ئور) ئەمەش بەهۆی چەند بەڵگەیەکەوە دەیزانین.[٤٢]

ئەو وێنەیەش کە نووسەر دەیکێشێت کە گوایە بابلی و ئاموری و ئاشوریيەکان پەلامار دەربوون و گوتی و خورییەکان دیفاعیان لەوڵاتی خۆیان کردبوو نازانستییە چونکە هەموو زانیارییەکان دژ بەم ئاوازەی ((ئەی ڕەقیب))ە دەوەستن. هەر نامەکانی شمشارەش خۆیان پیشانی دەدەن کە چۆن گوتییەکان هەڕەشەبوون بۆ شمشارە کە بەزۆری خورینشین بوو و تەنانەت توروککییە خورییەکان یان بەشێك لەوان دیسان هەڕەشە بوون بۆ شمشارەی خورینشین بەڵکو تەنانەت بەپێی (ئایدم)و بە پشتبەستن بە نامەیەکی شمشارە کوواری، فەرمانڕەوای شمشارە، خۆی توروککی بوو[٤٣] و خەڵکی تری توروککی هەڕەشە بوون لەسەری و پێدەچێت ئەوان شمشارەیان گرتبێت.

دوکتۆر لەسەر ئاوازی (ئەی ڕەقیب) دەمێنێتەوەو دەڵێت: کاتی باسکردنی ئاشتی لەگەڵ سەرکردەی گوتی اندوشی (ئیندوششیٚ/ف.ق) دەردەکەوێت کە گوتییەکان بەهێزبوون و لە حالەتی بەرگری بوون لەوڵاتەکەیان دژ بە فەرمانڕەوا تەعداکارەکانی پادشانشینە سامییەکان و هەوڵیان نەدابوو پەلاماری شمشارە بدەن کە لەلایەن ئاشورییەکانەوە داگیر بوو و بەزۆر کرابوو بە وابەستەی شامشی ئاداد بەرادەیەك دەبوایە کوواری ئەم شامشی ئادادە بە باوکی خۆی بزانێت کە پێویستە گوێڕایەڵی بێت(٥٦٢/١).

بۆ خوێنەریشم ڕوونکردەوە کە ئەمە هەر قسەی دروشمئاسایە بەڵام حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە لەوە دەچێت دوکتۆر ئەم قسانەی هەر لە (لەسۆ)وەرگرتبێت بەڵام لێیان تێنەگەشتووەو هەڵیگێڕاونەتەوە. (لەسۆ) پێش ئەو نامەیە چەند قسەیەکی نووسیوە کە یەکەمیان ئەوەیە: تەفسیری ئەم نامەیە-هەروەك نامەی زۆری تر کە لە گردی شمشارەدا دۆزرابوونەوە- بەشێوەیەکی جوزئی پشت دەبەستێت بەشوێنەکەی لە نامە گۆڕینەوەکە، واتە جێگەکەی لە ڕووی

---

[٤٢] پێش ئەوان ئەکەدییەکان لە کوردستاندا چالاك بوون بەڵام زانیاری نییە لەبارەی شەڕکردنیان لە ناوچەی رانیە.

[43] Sh A 1, p.25.

تەرتیبی زەمەنییەوە بەپەیوەندی لەگەڵ مەجرای ڕووداوەکان، دوایی باسی بڕوانەکردن بە نیازە ئاشتییانەکەی ئێندوششیٚ دەکات کە گوایە پلانێکی نییە بۆ تەعداکردن لەسەر شوشارراو کە ئەم ئێندووشش‌ێیە شامشی ئاداد بە ((باوك)) ناو دەبات..تاد[44].قسەکانی سەرەوەی دوکتۆریش زۆر لەمانەی (لەسۆ) دەچن بەڵام دوکتۆری خۆمان هەڵگێڕاونەتەوە.

دوکتۆر بەردەوام دەبێت لەسەر وەرگرتنی لە (لەسۆ)و ((سەرمەقولات پێکردنی)) ئەو وەرگرتنانە. لەسۆ باسی نامەیەکی شمشارە دەکات کە تێیدا قسەی ئێندوششیٚ وەرگێراوە کە بە کەسێکی تری وتووە: پەیکەرێك بۆ تۆو پەیکەرێك بۆ خۆم لە زێڕ دروستدەکەم .. تاد، کەچی دوکتۆر دەڵێت ئێندوششیٚ ئەمەی بە کوواری وتووە. جگەلەوەش قسەکە بریتییە لە بڕیار، واتە ئێندوششیٚ بڕیاری داوە ئەو دوو پەیکەرە بکات کەچی دوکتۆر ئەم بڕیارەی کردووە بە داواکاریو دەنووسێت: ((اني اريد تمثالا)). قسەکەی دوای ئەوەش ئەمەیە: one brother shall emrbace the other[45] ((برایەك باوەش بە براکەی تر دەکات)) دوکتۆر ئەم قسەیە دەکاتە فەرمان:((وعلى الاخ ان يحتضن اخيه)) واتە: پێویستە برا باوەش بە براکەی بکات!

دوکتۆر پاش باسی ئەو مەسەلەیەی دروستکردنی پەیکەری زێڕ لەپەراوێزدا دەنووسێت: ((ئەم داواکارییە توانای گوتییەکان لە تواندنەوەو قاڵبگرتنی کانزاکان، وەکو زێڕ بۆ دروستکردنی پەیکەر ڕوون دەکاتەوە، بەم موناسەبەیەش (لیسو) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات)):

ئا لێرەشدا دوکتۆر زیاد لە دە دێر بە ئینگلیزی لە کتێبەکەی لەسۆ دەهێنێتەوە بیٚ ناوبردنی سەرچاوەکەو بیٚ وەرگێرانی دەقەکە.

دێڕەکانی یەکەمی (لەسۆ) کە دوکتۆر نەقڵیان دەکات باسی زەویی دەشتی ڕانیە دەکەن، ئەو دەشتەی کە بەهۆی داپۆشینی بەئاوی دەریاچەی دوکان کوردستان یەکێك لە ناوچە هەرە بەپیتەکانی لەدەست دا. پاشان باسی بازرگانیو کاری کانزا لە شمشارە دەکات ئەویش بەهۆی دۆزینەوەی تەورو ڕمی بڕۆنزی هەروەها قاڵبێکی بەرد بۆ تێکردنی سەری تەور لەهەمان شێوە، جگەلەوەش ئاماژە بۆ دەقەکان دەکاتو باسی نامەیەك دەکات کە ناوی کانزای قەسدیری تێدا کراوە. ئیتر (لەسۆ) بەهیچ شێوەیەك بەلای گوتییەکاندا نەچووە. بینیشمان بەشی یەکەمی پەراگرافەکە باس لەزەویی بەپیت دەکات نەك کانزا بەڵام ئیشی دوکتۆر تەنها (کۆپی-پەیست) بووە، لەگەڵ تێنەگەشتن لەو شتەی نەقڵیکردووە.

بەڵام مرۆڤ شایەتی بدات: دوکتۆر کەمێك دەستکاریی ئەو دەقەی (لەسۆ)ی کردووە؛ (لەسۆ) ئەمەی نووسیوە:

**Bronze axes and spears like those shown in Plate 12 (b) may very well have been made at Shusharrâ..[46]**

واتە لەسۆ باسی پاچو ڕمی بڕۆنزی دەکات وەك ئەوەی لە پلێت (لەوح)ی ژمارە 12b نیشاندراون کە زۆر ڕێی تێدەچێت لە شوشارادا دروستکرابن، بەواتایەکی تر لەسۆ ئاماژە بۆ وێنەی ناو لەوحی12b دەکات کە بەتەنیشت ئێسکی مرۆڤە مردووەکە سەرەتەورو سەرەڕم هەن.

دوکتۆری خۆمان ئەو ڕستەیەی وا لێکردووە:

**Bronze axes and spears like those shown in some plates may very wellhave been made at Shusharrâ..**

---

[44]PAA, p.154.

[45]PAA, p.155.

بۆ ئەم نامەیە بڕوانە هەروەها: Sh A, 1, 71.

[46]PAA, p.156.

واتە دوکتۆر نەیزانیوە ئەو پلێت (لەوح)ی ژمارە 12b چییەو رستەکەی لەسۆ کە دەڵێت: ((وەك لە پلێتی 12bپیشاندراون)) وای لێکردووە: ((وەك لە هەندێ پلێتدا پیشاندراون)).



12 (b). Warrior's burial, Kurdistan Bronze Age, excavated at Tell Shemshara, c. 18th century B.C.

وێنەی b لە پلێتی 12 لە کتێبەکەی لەسۆ، بەرامبەر لاپەڕە ١١٣و تێیدا بەتەنیشت ئێسکەکە سەرەڕمو سەرەتەوری برۆنزی هەن

ئەمە وەکو ئەوەی کەسێك وێنەی شتێکی لە کتێبەکەی داناوەو ژمارە ٤ی داوەتیۆ بنووسێت: ((وەك دیارە لە وێنە ٤))و کەسێکی تر لەمە تێنەگاتو ئەو قسەیە وا نەقڵ بکات: ((وەك لە هەندێ وێنەدا دیارە)).

دوکتۆر پاشان باسی حامورابیو پەلاماردانی توروککییەکانو کاکومو وڵاتی سوورباتو دەکات بۆ تاڵانکردنی سامانە کانزاییەکانی ئەو وڵاتانە (لەسۆ ئەمەی نەتووە). پاش پشکنینیش لە حەوزی بەنداوی دوکان وردەکارییەکانی پەلاماردانی حامورابی لەو ناوچانە دەرکەوتن ئەویش لە ڕێگەی ئەو تۆمارانەی لەچەند شوێنێکەوە دەرهێنران، لە نامەیەکی ئەرشیفی کۆشکی (کوواری)ش ئاماژەیەك هەیە بۆ بڵاوبوونەوەی دەستڕۆشتنی بابلی لەجیاتی دەستڕۆشتنی ئاشوری(٥٦٣/١).

(لەسۆ) پاش باسی پەلاماردانی توروککومو کاکومو سوبارتو لەلایەن حامورابییەوە دەڵێت: دەتوانینوای دابنێین کە هەندێك دەستڕۆشتنی بەشی باشووری وڵاتی دووڕووبار (مەبەستی لە بابلە) هەستی پێکرا لە کوردستاندا. ئەم گریمانەیەش تا ڕادەیەك تەئکید کرا کاتێك بەڕێوەبەرێتیی شوێنەواری عیراق درێژەی دا بە کارەکانی بیعسەی دوکان (مەبەستی بیعسە دانیمارکییەکە) لە گردی شمشارە. لە ژوورێکی تری کۆشکی کوواری زیاد لە سەد لەوحی مێخی دۆزرانەوە کە هەموویان دەقی ئیدارینو هیچ نامەیەکیان تێدا نەبوو و دەبێت بگەڕێنەوە (بەبێ شێوەی نووسینو زمانەکە) بۆ سەردەمێك دواتر لە سەردەمی کوواری[٤٧]. لە یەکێکیش لەو دەقانە باسی شت کراوە کە دراون بە نێردراوێکی بابل.[٤٨]

ئینجا با خوێنەری خۆی لە قسەکەی دوکتۆر وردبێتەوەو لەگەڵ ئەوەی لەسۆ بەراوردی بکات: کامەتا وردەکارییەکانی پەلامارەکانی حامورابی کە لەو ناوچانە پاش پشکنین دۆزراونەتەوە؟ ئەو تۆمارانەش چۆن ئەو وردەکارییەیان باس کردووە؟ ئەو دەقە ئیدارییەش کە باسی شت دان بە نێردراوێکی بابل دەکات چۆن یەك دەگرێتەوە لەگەڵ وەرگێڕانەکەی دوکتۆر کە ئەمە نامەبووەو ئاماژەی تێدایە بۆ دەستڕۆشتنی بابلی؟ ئەو دەقە ئیدارییەش کەی نامەیە؟ چۆنیش بۆتە نامەیەك لەناو ئەرشیفی کوواری؟

پسپۆڕی مێژووی کۆنو زمانە نوێو فەوتاوەکان بەردەوام دەبێت لەسەر وەرگرتن لە کتێبەکەی (لەسۆ) بەڵام بە ئەندازەی شارەزاییەکەی لە ئینگلیزی.

---

[٤٧] بەڵام بەپێی (ئایدم) ئەمانە هی هەمان سەردەمن، بڕوانە: Sh A 1, p.13 و ئەمەی بەدووروودرێژتر باسکردووە لە: Sh A 2, p.15.

[48] PAA, p.157.

(لەسۆ) باسی ماوەی پاش دەوروبەری ساڵی ١٦٥٠ پ.ز دەکات کە فراوانکاریی چەکداری خورری دەستی پێکردبوو و ئەو فراوانکارییە لەماوەی١٥٠ ساڵ یان شتێك نزیك لەمە پادشانشینی (میتتاننی)ی برد بەرەو یەکگرتن و دەستگرتن بەسەر هەموو میزۆپۆتامیای باکوور، لە چیاکانی زاگرۆسەوە بۆ دەریای ناوەڕاست.[49]

کەچی دوکتۆری خۆمان دەڵێت لە ساڵی ١٦٥٠ پێش زاینەوە خوررییەکان دەستیان کرد بە بڵاوبوونەوە لەچوارچێوەی پادشانشینی میتانی کە دەستڕۆشتنی لە چیاکانی زاگرۆسەوە تا دەریای ناوەڕاست بۆ ماوەی ١٥٠ بەردەوام بوو(٥٦٣/١) بەواتایەکی تر لەسۆ باسی دەوروبەری ١٥٠ ساڵ دەکات بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی میتانی بەو شێوە فراوانە (نەك بەدرێژایی ئەو ١٥٠ساڵە وا فراوان بوو)و ئەمە بەهۆی فراوانکاریی چەکداری خوررییەکان بوو لەکاتێکدا دوکتۆری خۆمان ئەو ماوەی ١٥٠ ساڵە دەکاتە ماوەی ئەو دەستڕۆشتنە.

(لەسۆ) دوای ئەوە باسی سەرکردەی هۆزە چیانشینە خوررییەکان لەشێوەی (زازییا)و (لیدایا)ی توروککوم و ئێندوششیێ ی گوتی و پادشایانی (لوللو)و (کوواری)ی شوشاررا دەکات کە دەبێت یەکیان گرتبێت و (چەند) کۆنفیدرالیەتیان دروست کردبێت ..تاد لێرەشدا لەسۆ باسی ئەو سەردەمە ناکات کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، واتە: لە ساڵی ١٦٥٠ پ.ز بەدواوە چونکە دیارە ئەمە ڕاست نییە لەبەر ئەو ڕاستییە سادەیەی کە ئەو کەسانە زۆر پێشتر لە ساڵی ١٦٥٠ لە ژیاندا بوون چونکە ئەمانە هاوچەرخی شامشی ئادادی یەکەم بوون کە بەپێی مێژوودانانی کورت کە (لەسۆ) لە کتێبەکەیدا پەیڕەوی کردووە لەماوەی نێوان ١٧٤٨و ١٧١٦ پ.ز حوکمی کردووەو لیدایا و زازییا ناویان هەیە لەماوەی پاش شامشی ئاداد، واتە کاتی فەرمانڕەوایی ئیشمێ داگانی کوڕی، خۆ ئەگەر زۆر لە خۆمان بکەین و ئەو چل ساڵەی فەرمانڕەوایی ئیشمێ داگان بخەینە سەر ئەو ماوەیە، هێشتا لەساڵی ١٦٧٧ ی پێش زایندایین کەچی دوکتۆری خۆمان یەکسەر پاش باسی بڵاوبوونەوەی خوررییەکان لەساڵی ١٦٥٠ بەدواوە دەڵێت ((لەم ماوەیەدا))و باسی ئەو کەسانە دەکات کە ئەمە کە هەڵەیەکی زەقە چونکە ئەو کاتە ئەگەر ئەوانە نەمردبووبن ئەو کەسەی کاتی مردنی شامشی ئاداد لاو بوو ئێستا تەمەنی سەد ساڵ بەرەو ژوورە.

هەڵەیەکی تری دوکتۆر ئەوەیە ساڵی ١٦٥٠ ی لە (لەسۆ)وەرگرتووە بێ ئەوەی بزانێت کە ئەمە بەپێی مێژووی کورتە کەچی دوکتۆر لە هەمان لاپەڕەدا بۆ حامورابی ساڵانی (١٧٩٢-١٧٥٠) بۆ حامورابی دەنووسێت کەئەمە بەپێی مێژووی ناوەڕاستەو دەبوا ساڵانی (١٧٢٨-١٦٨٦) ی بنووسیایە کە بەپێی مێژووی کورتن تا لەگەڵ ساڵی ١٦٥٠ ڕێکبکەون. پێشتریش باسم کردبوو کە چۆن دوکتۆر ساڵەکانی چۆن بینیوە ئاوا نەقڵی کردوون بۆیە جارێك هی مێژووی ناوەڕاستی نەقڵ کردووەو جارێك هی مێژووی کورت بێ ئەوەی بزانێت ئەوانە چین یان ئەو ناڕێکییە سەرنجی ڕابکێشێت بەتایبەت کە بۆ یەك ماوەی دیاریکراو دوو مێژووە جیاوازەکەی نووسیوەوەك ئەوەی حامورابی کە جارێك، هەر وەکو ئێستا (١٧٩٢-١٧٥٠) دەنووسێت و جارێك (١٧٢٨-١٦٨٦)..(١٢٧/١).

وتمان لەسۆ باسی ئەو کەسانە دەکات، ئەویش ئەوانەی وەکو نموونە هێناوە، دوای چەند دێڕێکیش باسی هیندۆئێرانییەکان دەکات و پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا ئەو کۆکراوەیەی کە بریتی بوو لە کەسان و هاوپەیمانێتی هۆزەکان نەیتوانی مەبەستێکی هاوبەش بەدەست بهێنێت تا جەنگاوەرەکانی هیندۆئێرانییەکان نەبوونە سەرکردەی خوررییەکان؟ ئینجا یەکسەر دەڵێت کە ئەو ناوانەی لە دەقەکانی ناو ئەرشیفی کوواری بینراون لەوە ناچێت پێشنیاری ئەوە بکەن کە لەسەردەمی ئەودا هیچ کەسانی هێندۆئەورووپی لەشوشاررادا هەبووبن.[50]

---

[49]PAA, p.158.

[50]PAA, p.158.

ئینجا دوکتۆری خۆمان دەنووسێت: کاتێکیش لەسۆ پرسیارێك لەبارەی ئەنجامەکانی ئەو هاوپەیمانییە سوبارییە دەکات (مەبەستی دوکتۆر لەوەی نێوان کەسانی هاوشێوەی لیدایا و زازییاو ئێندوششیّ ..) هەر خۆی وەڵام دەداتەوە:

The names found in the documents of Kuwâri's archives do not seem to suggest that there were any Indo-Europeans present at Shusharrâ in his time.

دوکتۆر ئەو سێ دێڕەی لەسۆی وەکو خۆی بەئینگلیزیو بێوەرگێڕان نەقلّ کردووە(١/٥٦٤). ئەمەش پەیوەندیی بە قسەکەی سەرەوە نییە، واتە ((هاوپەیمانیی سوباری)) چونکە باس لە نەبوونی هیندۆئەوروپییەکان لە شمشارەدا دەکات.

ئێستاش ئایا خوێنەر بیری ماوە باسی چی دەکەین؟ دیارە بیری ماوە کە باس لە شمشارەیە بەڵام ڕەنگە ئەوەی لەیاد چووبێت کە پێشتر باسمان کرد ئەویش کە ئەم باسەی شمشارە پەیوەندیی نییە بەو بەشەی ئەو باسی تێخراوەواتە باسی گوتییەکان مەگەر یەك شت ئەویش (ئێندوششیّ)ی سەرکردەی گوتی یان گوایە توروککییەکان گوتی بوون کە ئەمە هەڵەیە.

ڕەنگە پاش ئەم هەموو ڕەخنانە خوێنەر وایزانیبێت بۆ ئەم باسەی شمشارە ژمارەیەکی زۆری لاپەڕەکانی کتێبەکەی دوکتۆر جەمالمان بڕیوە بەڵام ڕاستی ئەوەیە ئەو هەموو هەڵانە تەنها لە چوار لاپەڕەو شتێکدا بوونو هێشتاوردە هەڵەی ترمان پشتگوێ خستووە.

بەڵام باسی شمشارە هەر ماویەتی. دوکتۆر لەبەشی تایبەت بەلوللوییەکانو دیسان بەموناسەبەی باسی لوللوییەکان لە شمشارەدا باسی ئەو شارە دەکاتو شتی تر دەئاخنێتە باسەکان کە پەیوەندییان بەلوللوییەکانەوە نییە.

دوکتۆر دەڵێت یەکێك لە ئاماژەکان بۆ پەرتبوونی لوللوییەکان بۆ چەند گرووپێك پاش نەمانی حوکمی گوتی ئەوەی لە نامەیەکدا باسی کراوە کە بۆ کوواری، پادشای شوشاررا، نێردرابوو کە نێرەرەکەی ئەویش شیپراتو Shepratu دەڵێت پادشایانی لوللوبی (نەك یەك پادشا) تووشی کەمیی دانەوێڵە بوون بۆیە داوای ئاشتی لەگەڵ پادشای شوشاررادا دەکەن (١/٥٧٦). دوکتۆر وەکو سەرچاوە ناوی کتێبێکی کۆنتری (لەسۆ) دەبات ئەویش ((لەوحەکانی شمشارە))- لاپەڕەی ٧٧و ئەوانەی دوایی.

ئەم پەرەگرافە هەروەکو شتەکانی تری دوکتۆر سەرتاپا هەڵەیە.

پەرتبوونی لوللوییەکان هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی تر کە تێیدا باسی گەلانی سوبارتو بکەم (کە لەبەر درێژەنەدان بەم ڕەخنەیە باسم نەکردوون)و ئێستا لەناو باسی شمشارەدا دەمێنمەوە. شێپراتو کە ئەو نامەیەی بۆ فەرمانڕەوای شمشارە ناردبوو نەیوتووە پادشایانی لوللو دانەوێڵەیان نییە، بەڵکو هانی کوواری دەدات ئاشتی لەگەڵ پادشاکانی لوللو ببەستێو دەڵێت: ((ئەگەر پادشا زۆرەکانی لوللوم Lullum کە دوژمنن بە تۆ ئامادەبن بۆ ئاشتیو ئەو پەیماننامە گشتگیرەی پێشکەشت کردن(قبوولّ بکەن) ئەو کاتە باشترین مەرجیان وەربگرەو ئاشتییەکەیان قبوولّ بکە. تۆ دەزانی کە عەمبارەکان بەتاڵنو دانەوێڵە نییە بۆ ئەو لەشکرەی بەڕێوەیە. ئێستاش ئاشتییەکی پتەو لەگەڵ لوللوم بکە ..تاد))[٥١]. شێپراتو لەنامەیەکی تردا دەڵێت: قسە بنێرە بۆ ئەو پادشایانەی لوللوم کە دوژمنتن کە دەبێت ئاشتیت لەگەڵدا ببەستن. دەوام بە دوژمنایەتییەکان مەدە. ئاشتییەکەیان قبوولّ بکە.[٥٢] لەمەوە دیارە شێپراتو یاخود کەسێك لەتەرەفی ئەو دانەوێڵەی نییە نەك پادشاکانی لوللو!

---

[51]ShA 1, 63.

[52]ShA 1, 64.

هەر لەو لاپەڕەیەداو لەپەراوێزی (٥٧) دوکتۆر دەنووسێت: شێوەی کۆنی ناوی شمشارە لەنامەی (تەلبوشارری) دەبینین کە بۆ کوواری نێردرابوو، نامەکەش پەیوەندیی بە مەسەلەی دروستکردنی خانووەکان لەو شارەدا هەیە، (تەلبوشارری)یش هەندێ پێشنیاری بۆ دەکات (١/٥٧٦ پ ٥٧).

بۆ ئەم زانیاریە دوکتۆر ناوی کتێبەکەی لەسۆ، (گەلانی ولاتی دێرینی ئاشور)ی نووسیوە (لاپەڕە١٤٦و لاپەڕەکانی دواتر). (لەسۆ) لەڕاستیدا باس لە پشکنین لە شمشارەو باسی نامەکانی دەکات کە چۆن ناوی کۆنی شمشارە (واتە شوشاررا) لەو نامەیەدا بینراوە کە ئەو نامەیە هی (تالپوشارری)یە.

بڕوانە خاڵێکی پێشووتر کە (لەسۆ) ئاماژە بۆ وێنەی 13b دەکات کە بریتییە لەوێنەی لەوحە نووسراوەکان کە کاتی پشکنین دەرکەوتن و کە وتمان دوکتۆری خۆمان لەمە تێنەگەشتووە. لێرەشدا بەهەمان شێوە (لەسۆ) باسی ئەو لەوحانە دەکات کە یەکێکیان نامەکەی تالپوشارریيەو[53] ناوی شوشاررای تێدابوو[54]، واتە یەکەم جار (لەسۆ) ناوی کۆنی شمشارەی لەو لەوحەدا بینی دەنا ناوی شارو ولاتی شوشاررا لەچەندین نامەی تردا هەیە.[55] نامەکەش وەك (لەسۆ) باسی کردووە پەیوەندیی هەیە بە کاروباری وا بچووك وەك دروستکردنی خانوویەك لەشاری شوشاررادا: تالپوشارری داوا لە کوواری دەکات بەدوایدا بچێت[56] نەك وەك دوکتۆر لە قسەکەی (لەسۆ) تێگەشتووە کە نامەکە پەیوەندی بە دروستکردنی خانووەکانە لەشارەکە یان تالپوشارری هەندێ پێشنیار بۆ کوواری دەکات.

(لەسۆ) شت ڕووندەکاتەوە بۆ خوێنەری ئاسایی بۆیە دوای ئەوە باسی پەیوەندیی ناوی ئەو شوێنەی ئاوا لەو نامەیەدا بینییان (واتە شوشاررا) بە سەردەمی (ماری)یەوە کاتێك یاسماخ ئاداد گومانی خۆی دەربڕیوە بۆ ئیشمیٚ داگانی برای سەبارەت بەوەی ئاشورییەکان بتوانن ولاتی شوشاررا بهێڵنەوە ژێر دەستی خۆیان بەرامبەر هێرشەکانی توروككییەکان. ئەمە قسەکەی (لەسۆ)وە کە لەنامەیەکی شاری (ماری)ی وەرگرتووە کە تاکە نامەیەکی مارییە ناوی شوشاررای تێدا بینرابێت[57] کەچی دوکتۆری خۆمان دەڵێت کە ناوی شوشاررا (دوکتۆر بەردەوام دەنووسێت شوششارە) پەیوەندیی هەیە بە زنجیرەیەك بەڵگەنامەی شاری ماری کە (یاسماهـ عدد) بۆ ئیشمی داگانی برای ڕوون دەکاتەوە سەبارەت بە نزیکبوونەوە لە شوشاررا بۆ هێرش بردنە سەر توروككییەکان (١/٥٧٦پەراوێز ٥٧)!![58]

دوکتۆر لەپەراوێزی (٥٨)ی ئەو لاپەڕەیەدا دەنووسێت: بەپاڵ نامە تایبەتەکان کە ژمارەیان گەشتە ٥٠ نامە لە ئەرشیفی شمشارە، گرنگترین ڕاپۆرتی مێژوویی (بەپێی لیسو ژمارەیان گەشتە ٤٠ ڕاپۆرت) کە باسی بارودۆخی سیاسی لە کوردستانی باشوور دەکەن ئەوانەن کە لەلایەن اشمی داغان جێنشینی شمشی عددی یەکەم(..) بۆ یاسماه عددی برای نێردرابوون(١/٥٧٦ پ ٥٨).

---

ئەو مەسەلەیەی سەرەوە دەقاودەق لە نووسینی د. فەوزی رەشیدە لە(تاریخ الکرد القدیم)، دوکتۆری خۆمان ئەو هەڵەیەی لە هاوکارەکەی((بردووە)).

[53] (ئایدم) بۆ (تالپوش-شارری) شیی دەکاتەوە.

[54]PAA, p.146

[55] نامەکانیش لە کتێبەکەی ئایدمو لەسۆ ئەمانەن: ٨،١١،١٢،١٨،١٩،٢٠،٢٧،٥٣،٥٨،٦٣،٦٤،٧١.

[56]PAA, p.146.

[57] نامەکە هی ئیشمیٚ داگانە بۆ یاسماخ ئادادو ئیشمیٚ داگان بە براکەی دەڵێت: سەبارەت بە شوشاررا کە بۆت نووسیبووم.. ئینجا باسی وەزعی شوشاررای بۆ دەکات.

[58] دوکتۆر لە بەشی یەکەمی باسەکانی سەبارەت بە شمشارە (١/ل ١٤٦بەدواوە) ناوی توروككییەکان بە تەواوی دەنووسێت، واتە بە دوو "ك" ، بەڵام لە دوو بەشەکەی تر (١/ل ٥٥٩بەدواوە-باسی گوتییەکان)و (١/ل٥٧٦-٥٧٧ ، باسی لوللو) ناوەکە بە توررروکییەکان (واتە بە دوو "ر") دەنووسێت.

ئەوەی دوکتۆر نووسیویەتی لەیەك دوو شوێنی کتێبەکەی (لەسۆ) وەرگیراوە. پێشتر وتبوومان لەسۆ باسی پشکنینی خۆیان دەکات کە دەرکەوت زۆربەی نامەکان بۆ کووراری ناوێك نێردرابوون و بەجیا لەمانە نزیکەی ٤٠ دەق دۆزرانەوە کە تایبەتییەکی ئیدارییان هەبووە: لیستی شتومەك کە دراون ..تاد[٥٩]، بەواتایەکی تر ئەوەی دوکتۆری خۆمان بە ڕاپۆرتی مێژوویی زانیبوو کە گوایە باسی بارودۆخی سیاسیی کوردستانی باشوور دەکەن لەڕاستیداو وەك وتمان دەقی ئیداری بوون لەم بابەتانە: هێندە زیو بۆ فلانە کەس، ئەوەندە پەرداخی برۆنز بۆ فلان، ئەوەندە گا بۆ فلان .. تاد ، ئیتر کوا ڕاپۆرتی مێژوویی؟ سەیر ئەوەیە دوکتۆر ئەوەی لەیاد نامێنێت کە پێشتر وتبووی ئەمانە شتی ئیداریو ڕێنمایین (بڕوانە سەرووتر).

سەبارەت بەو ٥٠ نامە تایبەتەش لەسۆ دەڵێت: هەندێ نامەی تایبەت بۆ کەسانی تر غەیری کوورای نێردرابوون بەڵام ژمارەی ئەو نامانەی بۆ کوورای نێردرابوون زۆرن، دەوروبەری ٥٠ لەمانە لە کڵێشە پێشەکییەکیاندا ناوی ئەویان تێدایە[٦٠]. بینیشمان دوکتۆر هەر هەموو نامە تایبەتەکان بە ٥٠ دانە نووسیوە. پێویستە ئەوەش بوترێت کە ئەو نامانەی بۆ کوورای نێردرابوون ٦٦ نامە بوون بەپێی کتێبی نوێی (ئایدم)و (لەسۆ).[٦١]

هەڵەی تری ئەم پەراوێزە قسەکەیەتی کە دەڵێت ئەو چل ڕاپۆرتە مێژووییە ئەوانەن کە ئیشمێ داگان بۆ یاسماخ ئادادی برای ناردبوونیو کە ئەمە هەڵەیەکی هێندە زەقە پێویست بەگەڕانەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەك ناکات بۆ ڕاستکردنەوە چونکە وتبوومان یاسماخ ئاداد (نەك یاسماهـ عدد) کوڕێکی تری شامشی ئاداد بوو و لە شاری (ماری)ی سەر فورات لە سووریا فەرمانڕەوا بوو ئیتر چۆن نامە لە شمشارەی دەشتی ڕانیەدا دەدۆزرێنەوە کە بۆ ئەو نێردراون؟! ئەو نامانەی ئیشمێ داگان بۆ یاسماخ ئاداد نێردرابوون دەبێت لەو شوێنەدا بدۆزرێنەوە کە یاسماخ ئاداد نیشتەجێ بووە واتە شاری ماری نەك شارێك سەدان کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتیدا، ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستە هەتا ئەگەر ئاگاشت لە ئەرشیفی ماری نەبێت، تەماشای ئەرشیفەکەش بکە دەزانی دوکتۆر خۆمان چەند ئاگای لە شتەکانە.

ئینجا دوکتۆر دەنووسێت: ئیشمێ داگان پەلاماری پادشانشینی (توکریش)ی دا کە هەردوو گوتیو لوللوبی دیفاعیان لێکرد، هەروەها چوو بەرەو هەردوو (قبرا)و تورووککوم کە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ پادشانشینی شمشارە لە دەشتی ڕانیەدا هەبووە.

ئەمەش نموونەیەکی ترە لەسەر شتی تێکەڵوپێکەڵ. دوکتۆر بەدرێژایی کتێبەکەیدا توکریشو تورووککوم بەیەك شت دەزانێتو وەك وتمان ئەمەی لە کتێبەکەی هێرتفسێڵدەوە وەرگرتووە (ئیمپراتۆریەتی فارسی) کە بەر لە ئاشکرابوونی ئەرشیفی شمشارەدا نووسرابوووەو بۆچوونێکە هیچ بەڵگەی لەسەر نییەو کەسم نەبینیوە پشتگیری لێبکات.

زانراویشە ئیشمێ داگان شەڕی دژ بە تورووککییەکان کردووە نەك توکریش، پاشان کێ وتوویەتی گوتیو لوللوییەکان پێکەوە دیفاعیان لە توکریش یان تورووککوم کردبێت؟ ڕاستە ئیشمێ داگان بەرەو قابرا **Qabrâ** چوو و لەوێدا شەڕی کرد دژی ئەو شارەو دژی تورووککییەکان کە لەگەڵ فەرمانڕەواکەیدا بوون، وەك لەنامەیەکی ماریدا دەردەکەوێت[٦٢]، پەیوەندی قابراو تورووککییەکان بەشمشارەوە مەسەلەیەکە پێویستی بە موناقەشەیەکی وردی ڕووداوەکانە بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێم ئەو پەیوەندییە بەو سادەییە نییە کە دوکتۆری خۆمان نووسیویەتی.

---

[59]**PAA, p.144.**

[60]**PAA, p.144.**

[٦١] بڕوانە: **Sh A 1, p.14** ، بۆ لیستی ئەو نامانەو هەموو نامەکانی شمشارە بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٨١-١٨٥.

[٦٢] بڕوانە کتێبەکەی لەسۆ **PAA,p.47**.

جگەلەوەش لە نامەکانی شمشارەوە دیارە کە پەیوەندیی نێوان گوتییەکان‌و تورووککییەکان باش نەبوو[٦٣] و دواترو بەپێی نامەیەکی ماری کە بۆ (زیمری لیم) نێردرابوو (زازییا)ی پێشەوای تورووککی ناچار بوو بارمتەو سەرانە بداتە پادشایەکی گوتی بەناوی زوزوم.[٦٤]

ئەو پەراوێزە (واتە پەراوێزی ٥٨ ی لاپەڕە ٥٧٦) لێرەدا تەواو دەبێت‌و دەچینەوە ناواخنی کتێبەکە.

دوکتۆر باسی نامەیەکی یاسیم ئێل Jasim-El (کە بە جاسم ایل ناوی دەبات)[٦٥] کە پاش ساڵی ١٧١٦ پ.ز نووسرابوو دەکات کە تێیدا باسی کۆتایی پێهاتنی دوژمنایەتییەکان‌و خواستنی کچی (زازییا)ی تورووککی بۆ کوڕی ئیشمێ داگان (٥٧٧/١). بە چاوپۆشین لە وردە هەڵە قسەکە ڕاستە بەڵام ڕستەی ((کۆتایی هاتنی دوژمنایەتییەکان)) لە نامەکەدا نەهاتووە بەڵکو ئەمە قسەی (لەسۆ)وەو ئەو دەرئەنجامەیە کە پێی گەشتووە[٦٦] نەك ئەمە لە نامەکەدا هەبێت.

دوکتۆر بەردەوام دەبێت لەسەر شێواندنی باسی شمشارە کە بەداخەوە شتێکی دروستی لێ تێنەگەشتووە.

دوکتۆر باسی نامەیەکی تری شمشارە دەکات کە لە شامشی ئادادەوە بۆ کوواری نێردرابوو و ئەمەی تێدایە: ((ناردنی سەرکردەی "ئەهەزمی" جاشوب عدد بۆ ناوچەکەی دەخاتە بەردەم ئەویش لەو ماوەیەی تورووککییەکان ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئیشمێ داگان بەستبوو)) (٥٧٧/١).

دوکتۆر بەو زانینە کەمەی ئینگلیزی (هەروەکو بێئاگایی لە هەموو باسەکانی تری شمشارە) مەسەلەکەی شێواندووەو ڕاستەکەی ئەوەیە یاشوب ئاداد (نەك جاشوب عدد) لەو نامەیەدا بۆتە دوژمنی شامشی ئاداد. پێشتریش بینیمان شامشی ئاداد باسی کردووە کە سوێندی خۆی ناپارێزێت، ئەمەی خوارەوەش هەر ئەو باسەی پێشووە. (لەسۆ) کە دوکتۆر ناوی نابات ئاوا باسی نامەکە دەکات:

پادشای ئاشوری باسی پەیوەندییەکانی خۆی دەکات لەگەڵ کابرایەك بەناوی یاشوب ئاداد کە بە (ئاخازی) ناوی دەبات، کە ڕەنگە واتای ئەوە بێت لەوڵاتی (ئاخازوم)ـەوە هاتبوو[٦٧] کە ئەو وڵاتە لەکاتی حوکمی شامشی ئاداددا لەلایەن ئیشمێ داگان گیرابوو ئەویش پاش شەڕێکی سەرکەوتوو دژی لەشکری ئەو وڵاتەو دژی هۆزی تورووککوم کە هاوپەیمانی بوون[٦٨] ئیتر بزانە ئەو قسەیە چی بەسەردا هاتووە لەسەر دەستی دوکتۆری خۆمان. بەم جۆرە شامشی ئاداد (یاشوب ئاداد)ی بۆ ناوچەکە نەناردووە، ڕێککەوتنی تورووککییەکان‌و خەڵکی ئاخازوم‌و شەڕەکەیان دژی ئیشمێ داگانی دوکتۆر کردوویەتی بە ڕێککەوتنی تورووککییەکان‌و ئیشمێ داگان، ئەمەش جگە لەهەڵەی ناوەکان: جاشوب عددی ئەهەزمی.

ئەگەر دوکتۆر شارەزای ئینگلیزیی‌و ئەرشیفی شمشارە بوایە ئەو شتانەی هەر لە نامەکانی شمشارەوە دەزانی[٦٩].

دوکتۆر دوای ئەوە باسی (لیدایا)و شاری (ئوتا)..دەکات کە پێشتر شتی خۆمانمان لەسەر نووسی، دوای ئەوەش دەڵێت:

---

[٦٣] بڕوانە: Sh A 1, p.37.

[٦٤] بڕوانە: Sh A 1, p.55.

[٦٥] ئەمەمان پێشتر وەك نموونە هێنابووەوە لەسەر ئەوەی دوکتۆر شارەزای زمانە کۆنەکان نییە چونکە J لێرەدا تەعبیر نییە لە دەنگی (ج) کە شتێك نییە لەنووسینی مێخیدا بۆ تەعبیر کردن لێی.

[٦٦] بڕوانە: PAA, p.72، ئەمەش لە: ARM, 2, 40.

[٦٧] ناوی وڵاتەکە ئاخازوم Ahazum ـە، هەروەها وەك ئاخزوم Ahzum هاتووە، یاشوب ئاداد بە "ئاخازی" نابراوەو بەم شێوەیە: ئاخزایی lú *ah-za-a-ji*[ki] ، بڕوانە: Sh A 1, 1,*l*.5

[68] PAA,p.147.

[٦٩] بۆ ئەو نامەیە بڕوانە هەمان لاپەڕەی کتێبەکەی سەرەوەی لەسۆ ، هەروەها Sh A 1,1.

کاتێکیش زانای شوێنەوارناسی دانمارکی Jorgen Laessoe لەنامەکانی شمشارەی کۆڵییەوە ڕێککەوتنێکی ڕەسمیی تێدا بینی لە نێوان شامشی ئادادو کوواری بۆ جێکردنەوەی سەربازەکان بۆ بەرگری دژی تورووککییەکان، شامشی ئادادیش دەڵێت ((دوژمنەکان پێویستە بچنەوە لای هۆزەکانیان)) کە بێگومان ئەمانە هۆزە گوتی و لوللوییەکانن کە هەواڵەکانیان لەنامەکانی شاری ماری وەك دوژمنی ئاشوورییەکان دێن و کە کۆتاییان دانا بۆ دەستڕۆشتنی ئاشوری لە کوواری و[٧٠] ناوچەکانی دەوروبەری پاش مردنی شامشی ئاداد (١/ل٥٧٧).

سەرەڕای ئەوەی دوکتۆر نەناوی سەرچاوەو نەژمارەی لاپەڕە دەنووسێت بەڵام دۆزینەوەی ئەو باسانە لە کتێبەکەی (لەسۆ)دا ئاسانە. ئەو نامەیەی باسی ناردنی سەرباز بۆ شوشاررا دەکات هی شامشی ئادادە[٧١] و دەڵێت ٦٠٠ سەربازم نارد بۆ پاراستنی شوشاررا، با ئەو سەربازانە بچنە ناو شوشاررا خۆی و تۆ وەرە بۆلام[٧٢] ئەمەش ڕێککەوتنی ڕەسمی نییە وەك دوکتۆر تێگەشتووە.

پاشان دیار نییە پاراستنی شوشاررا لەکێ، بەڵام (لەسۆ) دەڵێت لە گوتییەکان بەسەرکردایەتی ئێندوششی و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو هاوپەیمانییە (لەسۆ دەڵێت: بێگومان تەنها ڕێککەوتنێکی کاتی بوو) ئاشوورییەکان و تورووککییەکان و خەڵکی شوشاررا[٧٣]. سەبارەت بەقسەکەی شامشی ئاداد:((دوژمنەکان پێویستە بچنەوە لای هۆزەکانیان)) نامەکە وا ناڵێت بەڵکو لەوەرگێڕانەکەی لەسۆ باسی خەڵکی ئوتوم[٧٤] هاتووە کە ((خەریکن شوشاررا جێبهێڵن و خەڵکی کونشوم (..) خەریکن تۆ جێبهێڵن..))[٧٥].

لێرەدا کۆتاییمان بە باسەکانی شمشارە لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی دوکتۆر جەمال هێنا، ئەو هەمووەش کە نووسیمان هەشت لاپەڕەی ئەو کتێبە بوون[٧٦]

ئەم باسانەی شمشارەش بەڵگەی زیاترمان دەدەنێ کە دوکتۆر جەمال ئینگلیزی باش نازانێت، جگەلەوەی شتێکی دروستی وا لەبارەی شمشارەوە نازانێت، سەیر ئەوەشە دوکتۆر لە هۆڵەندادا دەژی و بە ئاسانی سەرچاوەی نوێی لەبارەی شمشارە دەست دەکەوت بەتایبەتی دوو بەشی ئەرشیفی شمشارە.[٧٧]

زانیارییەکیش بیکەمە کۆتایی باسەکەی شمشارە ئەو دوو دێڕەی دوکتۆرە کە نووسیویەتی: .. نیشتەجێ حورییەکانی حەوزی زێی بچووك وەك شمشارە کە پڕە لە نووسینی مێخی کە ئەو نووسراوانە دەگەڕێنەوە بۆ دوو پادشانشینی سیمووروم و خارخار کە لەو ناوچانەدا پێش چوار هەزار ساڵ دروست ببوون (٣٣١/١).

---

[٧٠] دوکتۆر وای نووسیوە: دەستڕۆشتنی ئاشوری لە کواری..

[٧١] ناوی نێرەری نامەکە وا هاتووە: ئاغاکەت.

[72] PAA,p.153.

وەرگێڕانێکی نوێتر لە: Sh A 1,19.

[73] PAA, p.153.

[٧٤] لەسۆ دەڵێت شاری (ئوتا) بەڵام لە دەقەکەدا وا هاتووە ú-ta-im واتە (ئوتا)+ پاشگری (ئوم)ی ئەکەدی لەحاڵەتی ئیزافەدا، بڕوانە ناوەکە لە : Sh A 1, 19, l.9 . (ئایدم) لە ئیندێکسی ناوەکاندا بەهەڵە دەنووسێت: ú-tá-im (واتە "تا"ی ژمارە دووی نووسیوە).

[٧٥] وەرگێڕانەکە لە کتێبەکەی (ئایدم و لەسۆ) بەم جۆرەیە: خەڵکی ئوتوم ڕقیان لەشاری شوشاررایە.

[٧٦] ئەویش بەم جۆرە: ئەمانەی دوایی لە لاپەڕە ٥٧٦-٥٧٧ (لەباسی لوللوییەکان کە موناسەبەیەکی وا نەبووە بەم دووردرێژییە ئەو باسانە لەوێدا بکرێن)، پێشتریش لە لاپەڕە ٥٥٩ تا٥٦٤ (باسی گوتییەکان کە دیسان موناسەبەکە شایەنی ئەو درێژەپێدانە نەبوو) کە کۆی لاپەڕەی تەواو و لەتە لاپەڕە دەکاتە چوار لاپەڕەو نیو، پێش هەموو ئەوانەش لاپەڕەو نیوێك لە لاپەڕە ١٤٦-١٤٧.

[٧٧] وتمان بەشی یەکەمی ئەرشیفەکە بریتییە لە نامەکان و ساڵی ٢٠٠١ دەرچووە (ئایدم و لەسۆ)و بەشی دووەم کە دەقی ئیدارین پێشتر لە ساڵی ١٩٩٢ دەرچووە (ئایدم).

ئەو دوو دێڕەش لەمیانەی باسی شوێنو کەشوهەوای کوردستان نووسراونەتەوەو دوکتۆر ئاوڕێکی نەداوەتەوە لەوانەی دواتر لەبارەی شمشارەوە نووسیویەتی کە بەهیچ جۆرێك باسی سیموروموو خارخاری تێدا نییە. ئەو تەنانەت ئاوڕیشی نەداوەتەوە لە باسی سیموروموو خارخار. دوکتۆر دواتر ئەو قسانە لەبارەی شوێنی خارخار دەهێنێتەوە کە لە ناوچەی (سنە) یان شتێك لەو بابەتە بوو (٤٧٣/١) کە زۆر لە شمشارەوە دوورە، بۆ سیمورروميش : ١٥ میل باکووری رۆژئاوای (پردێ) (٥٣٢/١) کە ئەویش لە شمشارەوە دوورە[٧٨].

ئەو راستییەی کە شمشارە سەر بە ولاتی خارخار نەبوو هێندە ئاشکرایە پێویست بە موناقەشە ناکات، ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ناوی خارخار تەنها لە هەزاری یەکەمی پێش زاینو نزیکەی هەزار ساڵ دوای شمشارە ناوی دەبیسترێتو ئەگەر ئەو باوەڕە باس بکرێت کە خارخار بریتییە لە (کارخار)ی کۆن هێشتا هەر لە دەوروبەری روباری (سیروان)داین. لەلایەکی ترەوە نووسینە مێخییەکانی شمشارە کە دوکتۆر باسیان دەکات روونو ئاشکرای دەکەن کە شمشارە پەیوەندیی بە ولاتی سیمورروومەوە نەبووە[٧٩].

دوایەمین تێبینیش سەبارەت بەو باسانەی شمشارە، کە وەك بینیمان کارەساتێك بوو هەر وەك کارەساتەکانی پێشتر پرسیارێکە کە ئەمەیە:

خوێنەر شارەزای مەنهەجی دوکتۆر بوو کە بریتییە لە وەرگرتنی زانیارییەکانی سەرچاوەی (س) بەلام کەم ناوبردنی ئەو سەرچاوەیە، هەروەها نەقڵکردنی پەراوێزەکانی سەرچاوەی (س) بەجۆرێك خوێنەر وا تیدەگات دوکتۆر ئەو سەرچاوانەی بینیوە، بەلام لەو باسانەی شمشارە نەمانبینی دوکتۆر ناوی سەرچاوەی تر بنووسێت[٨٠]. هۆکەی زۆر ئاسانە: (لەسۆ) کە دوکتۆری خۆمان زانیارییەکان لەو وەرگرتووە ناوی سەرچاوەی نەنووسیوە!!

دوکتۆر بەدرێژایی هەشت لاپەڕە زانیاریی لە لەسۆ وەرگرتووە بەلام تەنها هەشت جار ناوی دەبات لەکاتێکدا دەبوایە هەشتا جار ناوی ببردایە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەشت جار ناوبردنە زۆرە چونکە دوکتۆر لە باسەکانی تریدا زۆر لەو کەمتر ناوی سەرچاوە راستەوخۆکەیو خاوەنەکەی دەبات ئەویش چونکە پێویستی پێی نییە لەبەر ئەوەی ناوی سەرچاوەکانی ئەو سەرچاوە راستەوخۆیە ((دەبات))،بەلام ئەمە حاڵی باسەکانی شمشارە نییە چونکە (لەسۆ) سەرچاوەی نەنووسیوە تا دوکتۆر ((بیانبات))و ئیتر ناچار نەبێت ناوی (لەسۆ) بنووسێت.

[٧٨] جێگەی ئەوە نییە موناقەشەی ئەم قسانە لەبارەی شوێنی خارخارو سیمورروم بکەین کە تەواو نین.

[٧٩] ناوی سیمورروم لە سێ نامەی شمشارەدا هاتووە، بڕوانە Sh A 1, 1, 2, 64.

[٨٠] جگە لەو کتێبەی لەسۆ ناوی دوو سەرچاوەی تری نووسیوە یەکی یەك جار، یەکێکیان هەر هی لەسۆ (لەوحەکانی شمشارە). لە شوێنێکیشدا بینیمان ناوی دوکتۆر عبدالهادی الفوادی دەنووسێت بەلام بێ ناوی سەرچاوە.